زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ئاراستە سیاسی و هزرییەکانی پارتە کوردییەکانی کوردستانی عێراق
# ١٩٣٩-١٩٥٨

## پڕۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی مێژوو کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لە لایەن:

**سومەیە عبدالخالق عزیز**

بە سەرپەرشتی:

**پ.ی.د. دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان**

نیسانی- ٢٠٢٣

# پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم پڕۆژەی دەرچوونە کە بە ناونیشانی: (**ئاراستە سیاسی و هزرییەکانی پارتە کوردییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٣٩-١٩٥٨**)، لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی مێژوو، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان

مێژوو: / ٤ /٢٠٢٣

## وته

نیشتیمان بە سێ شت پەیوەستە

جوتیارێك نانی بدات

سەربازێك بیپارێزێت

مامۆستایەك پەروەردەی بكات

**جبران خليل جبران**

# پێشکەش

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ خانەوادەکەم، کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژەدان بە خوێندن.
- ✓ هەموو خوێنەرانی مێژوو و بابەتە مێژووییەکان.
- ✓ بە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د. دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان).
- ✓ بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و سەرجەم مامۆستا و کارمەندە بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .
- سوپاس و ڕێز و وەفا بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم، کەوا هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون بۆ گەیشتنم بەو ئاستە لە زانست.
- سوپاسی (پ.ی.د. دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم، کە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ توێژینەوەکە کێشا و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد .
- سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەم کە بە بچوکترین هاوکاری بەشدارییان کردووە لە تەواوکردنی توێژینەوەکەم، بە تایبەت ئەو هاوڕێیانەی یارمەتیان داوم لە وەرگێڕانی کتێبەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

## هێما کورت کراوەکان

أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ز | زایینی |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| ل | لاپەڕە |

ب-هێما کورتکراوەکان بە زمانی عەرەبی

| | |
|---|---|
| م | الميلادي |
| د.ت | دون تاريخ الطبع |
| ص | الصفحة |
| ص ص | أكثر من صفحة |

**ناوەڕۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| وتە | II |
| پێشکەشکردن | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| هێما کورتکراوەکان | V |
| ناوەڕۆک | VI |
| پێشەکی | ١-٢ |
| **تەوەری یەکەم: ئاراستە سیاسی و هزرییەکانی پارت و کۆمەڵە و ڕیکخراوەکانی کورد لە عێراق (١٨٨١-١٩٣٩)** | ٣-٨ |
| باسی یەکەم: ئاراستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان | ٥ |
| باسی دووەم: ئاراستە و هزرە چەپەکان | ٧ |
| **تەوەری دووەم: ئاراستە و هزری نەتەوەیی پارتە کوردییەکان ١٩٣٩-١٩٥٨** | ٩-١٧ |
| باسی یەکەم: حیزبی هیوا | ١٠ |
| باسی دووەم: ژێکاف و ڕزگاری | ١١ |
| باسی سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٤ |
| **تەوەری سێیەم: ئاراستە و هزری کۆمۆنیزمیی پارتە کوردییەکان ١٩٣٩-١٩٥٨** | ١٨-٢٢ |
| باسی یەکەم: یەکێتی تێکۆشین و حیزبی شۆڕش | ٢٠ |
| باسی دووەم: حیزبی شیوعی کوردستان | ٢٢ |
| ئەنجام | ٢٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٤-٢٧ |
| پاشکۆ | ٢٨-٣٠ |

# پێشەکی

بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر دیاردە و بۆچوونێکی ناو کۆمەڵگا، دەبێت تێروانینی دوور و شیکردنەوەی زانستیی قووڵمان هەبێت، چونکە پەیدابوون و گەشەکردنی هەر بیروبۆچونێک بنەمای تایبەتی و مێژوویی خۆی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ کایەی ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەم، بۆیە تا نوقمی گۆمی خەیاڵ و سەرلێشێواو و پەڕاگەندە نەبین، پێویستە کات و شوێنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە ڕەچاو بکەین، چونکە بیروبۆچوونی سەرپێی تا سەر ناتوانێت ڕاستی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا ببینێ. دیارە هەر ئایدۆلۆژیایەکی واقعی و هەموو بیروبۆچونێکی سیاسی لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی سەرهەڵدەدات، بەڵام لە ئەنجامی تاوتوێکردنی لەگەڵ ڕۆژگار و کۆمەڵگە زیاتر پوختی بەخۆوە دەبینێ، خاڵە لاوازەکان وەلا دەنرێت و خاڵە بەهێزەکانیش زیاتر کاریان لەسەر دەکرێت، هەروەک فەلسەفەی ماتریالیزمی لە سەردەمی پێش مارکس کرچ و کاڵی پێوە دیار بوو، بەڵام مارکس و ئەنگلس توانیان کەم و کورتییەکان ئاماژە پێ بکەن و خاڵە لاوازەکانیش وەلابنێن و لە هەموو بوارەکانی ژیان دەوڵەمەند و پوختتری بکەن. سەبارەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەی کوردی کە دامەزرێنەراون لە لایەن کەسانی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەران و بە ئەزموونی کوردەوە، بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی و سەربەخۆبوونی کوردستانی گەورە لە ڕێگای ئەو کۆمەڵە پارتانەی کە دروست دەکرا سەرنج و پێشنیار و پڕۆگرامەکەیان دەخستەڕوو، لە دروستبوونی هەر کۆمەڵە و پارتێک لە چالاکییە سیاسیەکانیان ئامانجیان ئەوەبوو کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ڕزگار بکەن، جگە لەمانە ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەردەکرد وەک زمانحاڵی پارتەکەیان. لە ماوەی ١٩٣٩–١٩٥٨ ڕێژەیەکی زۆر لە کۆمەڵە و پارت لە کوردستانی عێراق دروستبوو، لەپاڵ پارتە نەتەوەییەکان، فیکرەی چەپ و کۆمۆنیزمی خۆی خزاندە ناو کۆمەڵگای کوردی، هەمووشیان یاخود زۆربەیان داکۆکیان لە مافە ڕەواکانی کورد کردووە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوە باسکردن و شرۆڤەکردنی لایەنە جیاوازەکانی پارت و کۆمەڵە سیاسییەکانە، هەروەها خستنەڕووی چالاکی و جموجۆڵەکانی ڕێکخراو و پارتەکان و تاوتوێکردنی پێشهات و ڕووداوەکانی ماوەی ساڵانی ١٩٣٩–١٩٥٨، باسکردنی کاررو چالاکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی پارتەکان لە کوردستانی عێراقدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:**

کۆمەڵە و پارتەکان کاریگەریان هەبوو بەسەر کۆمەڵگای کوردی، کە پارتەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبوو لە وروژاندنی فکرەی نەتەوەی و ناسیۆنالیستی لە کۆمەڵگەی کورددا بە گشتی تاکی کورد، لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان خاوەن بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان بوون کە ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندنی فکر وئایدۆلۆژیای پارت و ڕێکخرواەکان، ئەمانە هۆکار بوون کە توێژینەوەکە تەرخان بکەین بە کار و چالاکییەکانی پارت و ڕێکخراوەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا، لە سەرەتادا باس لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ساڵی ١٩٢١–١٩٣٩ کراوە، تیشکمان خستۆتە سەر لایەنە جیاوازەکانی پارت و کۆمەڵەکان لەڕووی فیکرەی

نیشتمانی و نەتەوەیی، هزرە چەپییەکان کۆمۆنیزمی، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە ئاراستە هزری نەتەوەیی پارتە کوردییەکان ۱۹۳۹-۱۹۵۸ کراوە، هەروەها ڕۆڵی حزبی هیوا و ژێکاف و ڕزگاری گەنگەشە کراوە، تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئاراستەی هزری کۆمۆنیزمییەکانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی عێراق لە ماوە مێژووییەکەی لێکۆڵینەوەکەدا لە میانەی دوو باسدا، ڕۆڵی یەکێتی تێکۆشین و حزبی شۆڕش و حزبی شیوعی کە هزرێکی نوێ بوو و کورد پێشتر ئاشنای نەبووە بەو ڕەوتە باسکراوە.

**گرفتەکانی توێژینەوە:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا چەندان گیر و گرفت و کێشە ڕووبەڕوومان بۆوە، لەوانە نەبوونی توێژینەوەی پێشوەختە و نەبوونی کتێب و سەرچاوەی تایبەت بە ئاراستە سیاسی و هزرییەکانی کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی عێراق، هەروەها ئاڵۆزی بابەتەکە، کە کۆمەڵە و ڕیکخراوە و پارتی هەمەجۆر لەو سەردەمە بوونیان هەبووە، جیاکردنەوەی فیکرو ئایدیۆلۆژیا کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بە پێداگیری و سووربوونمان بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکە، هەوڵ و کۆششەکانمان بۆ تەواوکردنی ئەم ئەرکە خستەگەڕ.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی توێژینەوەکە چەندین سەرچاوەی زانستی و هەمەجۆر و بە زمانی جیاواز و فەرمی و باوەڕپێکراومان بەکارهێناوە و سوودی زۆرمان لێوەرگرتوون، لە گرنگترینیان کتێبی (عبدالستار طاهر شریف) بەناوی (الجمعیات والمنظمات والاحزاب الكردیة في نصف قرن ۱۹۰۸-۱۹۵۸)، کە باس لە مێژووی کۆمەڵە ڕێکخراوە کوردییەکان دەکات و پەیڕەو پرۆگرامیانی خستووەتەڕوو، لە باسە جیاوازەکانی توێژینەوەکە سوودی زۆری هەبوو. کتێبەکەی (محمد فاتح) بەناوی (پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا) کە تیایدا بە درێژی باس لە حزبە کوردییەکان دەکات بە ئایدۆلۆژیا و کار و چالاکییەکانیانەوە، هەروەها کتێبی (سەروەر عەبدولرەحمان عومەر) بەناوی (حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد ۱۹۳٤-۱۹۷۵) لەو سەرچاوە زانستییانە بوو کە لە تەوەری سێیەمی توێژینەوەکە سوودی زۆری هەبوو. هەروەها کتێبی (صلاح الخرسان) بەناوی (صفحات من تاریخ الحركة الشیوعیة في العراق) و کتێبی (دلشاد مەحموود عەبدوڕەحمان) بەناوی (ئیسماعیل حەققی شاوەیس ۱۸۹٤-۹۷٦) لە سەرچاوە بەپێزەکانی دیکە بوون لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، کە باس لە کۆمەڵەی برایەتی و حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ژ.ک و ...تاد دەەن، جگە لەم سەرچاوە سەرەکییانە چەندین سەرچاوەی دیکەمان سوود لێوەرگرتووە و لە لیستی سەرچاوەکاندا ڕیزبەندمان کردووە.

دواجار ماوەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هیچ توێژینەوەیەک بێ خەوش و کەموکوڕی نابێت، بە دڵنیاییەوە ئەم توێژینەوەیەش لافی کامڵی و تەواوەتی لێ نادات، تەواوەتی و کامڵی تەنیا بۆ خوای گەورەیە، دەخوازین هەوڵ و کۆششەکەمان جێی ڕەزامەندی مامۆستایان و خوێنەران بێت.

## تەوەری یەکەم: ئاراستە سیاسی و هزرییەکانی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کورد لە عێراق (١٩٢١-١٩٣٩)

بێگومان حزبی سیاسی وەک قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە تێدا سەری هەڵداوە لەبواری ئاراستەی جیاوازدا، حزب بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە تەمەنیدا دیلی ئەو کاریگەرییانە کە ڕوودەدات، بەڵام ئەو ڕاستیە ڕۆڵی گۆڕانکاری حزبی دوور ناخاتەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی وسیاسی. دیاردەی حزبە سیاسیەکان بە چەمکە هاوچەرخیەکەی ڕەگ و ڕیشەکەی پڕە لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە دەرئەنجامی ئەو پەرەپێدان و گۆڕانانە کە گوزارشت لە بزوتنەوە و شۆڕشە میلییەکان دەکەن و بەرەنگارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەپێدانە هزریەکان دەنوێنێت، کە بەگشتی بنەما مێژووییەکان پێکدێنێ، ئەو کەش و هەوایە سیاسی لەبارە ئامادە دەکەن بۆ سەرهەڵدانی[1]. سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کورد لە ساڵی ١٨٨١ بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئەو بزوتنەوەیە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بووە، هەر لەو ساڵانەوە بابەت و هزری کوردایەتی جێگای بایەخدانی بووە، بەڵام بە دیدێکی هۆشیارانەتر، دوا کودەتا دەستورییەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٠٨ لەسەر دەستی تورکە لاوەکان، توێژی ڕۆشنبیری کورد، بە شێوەیەکی گەرمتر چالاکییەکانی دەستی پێکردەوە[2]. ئەو کەش و هەوایەی لەو ساتە وەختانەوە درووست بوو درێژەی کێشا و پەرەی سەند، بووە ڕێگاخۆشکەر بۆ دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکان بە ئازادی، هەروەها هەنگاونان بەرەو دروستبوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری، لەگەڵ دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، بەڵام چالاکیانە لە چوارچێوەی سیستەم و یاساکانی عوسمانی ڕوویانداوە[3]، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد لەنێوان ١٩٢١-١٩٣٩ زێدەتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە لە کوردستانی باشوور ڕوویداوە و گۆڕانکاری زۆری بەخۆییەوە بینیەوە، دامەزراندنی ژمارەیەک لە ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارت سەریان هەڵداوە، سەبارەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراو لە کوردستانی باکوور کە کۆمەڵەی خۆیبون سەری هەڵداوە، کە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیزمی کورد بووە، کە پاڵپشتییان لەسەرهەڵدانی ئارارات دەکرد، ئەو کۆمەڵەیە بە سەرکردایەتی ئیحسان نووری پاشا(١٨٩٢-١٩٧٦) لە وڵاتی لوبنان لە ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوە، شایەنی باسە لە یەکگرتنی چوار ڕێکخراووەی کوردی باکووری کوردستان، کە ئەنجامەکەی کۆمەڵەی خۆیبون بوو بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا بووە[4].

سەبارەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراو لە کوردستانی باشوور، ڕەفیق حلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) لە ساڵی ١٩٢٠ کۆمەڵەی ئازادی کوردستانی دامەزراند، بەڵام تەمەنی درێژ نەبووە، لە ساڵی ١٩٢٢ مستەفا پاشا یاملکی(١٨٨٦-١٩٣٦) کۆمەڵەی کوردستانیان دامەزراند، بەڵام دوای سێ ساڵ خۆیان هەڵوەشاندەوە[5].

---

١ – محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ل٧.

٢ – وەدیع جوەیید، جوڵانەوەی نەتەوەی کورد، وەرگێراني: یاسین سەردەستی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧١.

٣ – عوسمان ڕەسول حسن، بەشێک لە ژیانی سەرکردە نامۆکانی کوردستان، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١١.

٤ – وەدیع جوەیید، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

٥ – ئەحمەد باوەڕ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٠٤، ل٧٨.

لەدوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، چەندین کۆمەڵەی سیاسی نهێنی دامەزرا[1]، کۆمەڵەی زانستی کوردان دامەزراوە لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن (غەفور میرزا کەریم) دامەزراوە، ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە پێشکەوتنی میللەتی کورد بووە لەڕێی بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیریکردنی کورد بووە، لەڕێی بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیریکردنی کورد بووە، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان لە ساڵ ١٩٣٠ دامەزراوە لە شاری موسڵ لە لایەن (ئیسماعیل حەققی شاوەیس ١٨٩٤-١٩٧٦) کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی لەپێناو ئامانجی دیاریکراو دا تێدەکۆشا، بە مەبەستی زەمانەتی دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد[2]. یەک لەو کۆمەڵە کوردیانەی دیکە کە لەلایەن قوتابیانەوە دامەزراوە، کۆمەڵەی دیدەوانی کورد لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی دامەزراوە، کە ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە زیندوکردنەوەی کەلەپوری کورد بووە لەڕێگەی یارییە فۆلکلۆرییە کۆنەکانەوە، شایەنی باسە هەندێ کۆمەڵە و ڕێکخراو و حزب بەدەگمەن ئاماژە بە ئامانجیان کراوە، یەکێک لەو حزبانە، حزبی ئیسلامی کورد لە شارۆچکەی هەلەبجە لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزرا، لەلایەن عەبدوڵلا بەگی ئەحمەد بەگ، ئامانجی ئەو حزبە گەیشتن بوو بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەڕێگەی ئایینەوە، وێڕای ئەو زانیارییانە هیچ زانیارییەکی دیکە لەبارەی ئەو کۆمەڵەیەوە لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە[3].

کوردستانی باشوور لە ساڵانی سیەکاندا کە بە دۆخێکی دژواردا دەڕۆیشت، بەوەی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق ئەوپەڕی دژایەتی کورد و سەرکردە سیاسیەکانی دەکرد و لە هەمان کاتدا مافی تاک و کۆمەڵەی چین و توێژەکانی پێشێل دەکرد و هەر ڕاپەڕینێکی ئاشتی و چەکداری بەرپا بکرابایە بەوپەڕی هێزەوە حکومەتی عێراقی بەرەنگاری دەبوەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵەی برایەتی دامەزرا لە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن شێخ لەتیف و ئیسماعیل حەققی شاوەیس دامەزراوە، ئەم کۆمەڵەیە لە ماوەیەکی کەم پەلی بۆ شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی باشوور هاوێشت، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە پێی وابووە لەڕێی تێکۆشانی سیاسی و خەباتی چەکدارییەوە بەدەست دێت، ڕزگارکردنی کورد و کوردستان، دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی گەورە و بە تایبەت کوردستانی عێراق، ژیاندنەوەو بوژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی گەشەپێدانی ڕۆشنبیری زانست و زانیاری کوردی، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە ناوەوەی عێراق و دەرەوەیدا، خۆی دوورە پەرێز دەگرت، بەتایبەتی لەگەڵ حزبە عێراقییەکاندا زیاتر حزبی شیوعی کە لە شارە کوردییەکان ئەندامیان هەبووە، چونکە پێی وابووە فەلسەفە و ئامانجی ئەو حزبە لەگەڵ کۆمەڵەکە و میللەتی کوردا جیاوازە[4].

قوتابیانی هەولێر و کۆیە و سلێمانی بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٧ ڕوویان کردە کەرکوک، یەکێک لە قوتابیە کوردیەکان نوری شاوەیس کە ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە، بیرۆکەی دامەزراندن ئەم کۆمەڵەیە بۆ شاعیر دڵدار دەگەڕێتەوە، کە بریار درا کە ڕێکخراوی

---

١ -مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، چاپخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٥٥.

٢ -عەبدولخالید سابیر کەریم، بیری نەتەوەی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە و جەمعیەتی حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ١٩١٩-١٩٥٤، کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨، ل١٢٧.

٣ – کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی ١٩-٢٠،وەرگێرانی: محمد، چاپخانەی کاروان، تاران، ١٩٧٩، ل٣٧.

٤ – عبدالخالید صابر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

کۆمەڵەی دارکەران دروست بکرێت، شایەنی باسە ناوی ئەم کۆمەڵەیە لە (کاربۆنا ئیتاڵی) وەرگیراوە، کەبە واتای کۆکەرەوەی ڕەژوو دێت، دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە زۆریان قوتابی بوون، لەبەر ئەوەی تەنها گەنج و خوێندکار لەو کۆمەڵەیە وەرگیران، ئەوانەش کە وەردەگیران دەبوایە سوێند بەخودا و قورئانی پیرۆز و خەنجەرەکی کوردی و دڵسۆزبوون بە گەلی کورد و فیداکاری لەپێناویدا و دڵسۆز بۆ نیشتیمانی کوردستانی گەورە بخۆن[1]. ئەم کۆمەڵەیە لەبەر ئەوەی نووسراوی نەبووە ئەو بەرنامانە کە دادەڕێژران بە زارەکی دەوترانەوە، لەو دەستەواژانەی دەیانگوتەوە، کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە، میللەتی کورد ستەم لێکراوە و چەوساوەیە، بۆ کوردستانێکی ئازاد و ڕزگاری میللەتی کورد تێدەکۆشین، ئەمەش ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە بووە وەک زۆربەی کۆمەلە کوردییەکانی پێش خۆی[2].

هەروەها حزبێکی دی پەیدا بووە کە درێژەپێدەری کۆمەڵە (دارکەر) بوو، کە حزبی هیوا بووە کە سەرۆکەکەی (ڕەفیق حیلمی) لەبارەی دامەزراندنەکەیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) لە ساڵی ١٩٣٩ لەوکاتەوە نیشتیمانپەروەرە کوردەکان و گرووپە نەتەوە خوازە کوردەکان لە هەموو شوێنەکانی کوردستانی عێراقدا، هەوڵیاندا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، ئامانجی یەکخستنی خاکی کوردستان بووە، لەلایەکی دیکەوە دژایەتیکردنی حزبی هیوا بەردەوام بوو، بەریتانییەکان لەڕێی سیخورەکانیەوە دەیانویست کەلەبەر بخەنە ناو ئەو حزبە، یەکێک لەوانە (زەیید ئەحمەد عوسمان)ی موتەسەریفی هەولێر کە بەریتانیا لەڕێی ئەمەوە دەیویست ڕۆشنبیرانی کورد لە حزبی هیوا دووربخاتەوە، بەڵام ئەو کارەی بۆ نەکرا، دوای بیرکردنەوەیان کۆمەڵەیەکیان بەناوی (کۆمەڵەی شوان)ەوە دامەزراند بە مەبەستی تێکدانی حزبی هیوا و لەڕێی ئەو کۆمەڵەیەوە نوسراو بۆ ئەندامەکانی هیوا دەنێردرا و تێدا هاتبوو( دەبێت هۆشیار بن و کۆمەڵەی شوان چاودێریی هەموو هەڵسان و دانیشتنتان دەکات)، بەڵام دواجار بەریتانیە ئەو کارەشیان بۆ نەچۆوە سەر[3]. حزبی هیوا لە ساڵی ١٩٤٣ دا حزبێکی پێشکەوتووخواز بووە، هەروەها بەهێزترین حزبی سیاسی کورد بوو لەو سەروبەندە[4].

## باسی یەکەم: ئاراستە نەتەوەیی و نشتیمانیەکان:

بابەتی نەتەوایەتی ، کاریگەریەکی ڕاستەقینە و گوزارشتێکی ڕوون و ئاشکرای هەیە لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی میللەتان[5]. سەبارەت بە ئاراستەی نەتەوەی و نیشتیمانیەکان لەلایەن کورد، ئەم قۆناغە درێژە دەکێشێت تاکو کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨، بەڵام بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، ئەگەرچی لەم بارەیەوە بیروباوەڕی جیاواز هەیە، بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە ساڵی ١٨٨١ بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای

---

١ – كافي سلمان مراد الجاردى، الجمعيات و الاحزاب الكوردية في العراق ١٩٢١-١٩٤٧، مجلة الاستاذ، المجلد الثاني، العدد٢٢١، ٢٠١٧م، ص٣٩.

٢ – نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە ١٩٦٩-١٩٩٥، چاپخانەی چوار چرا، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٤٣.

٣ –عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الكوردستاني، طبعة الثاني، مؤسسة بغداد، ١٩٧٨، ص١٧.

٤ – شاخەوان عبدالله صابر، رەفيق حلمي، دراسة تاريخية في نشاطه السياسي و الثقافة، مؤسسة ژين، السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٠٥.

٥ – محمد فاتح، ڕامان لە ئایدیۆلۆژیەکان، چاپخانەی کۆمەڵەی ڕووناکبیر و کۆمەڵایەتی، کەرکوک، ٢٠٠٩، ل٢٠.

نەهری، ئەم بزوتنەوەیە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بوو، هەر لەو ساڵانەوە بابەت و هزری کوردایەتی جێگای بایەخ پێدان بووە، بەڵام بە دیدێکی هۆشیارانەتر، بەڵام دەکرێت قۆناغێکی سەرەتایی بۆ سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ دابنێین، ، دوای کودەتا دەستورییەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٠٨ لەسەردەستی تورکە لاوەکان، توێژی و ڕۆشنبیری کورد، بەشێوەیەکی گەرمتر چالاکییەکان دەستی پێکردووە، ئەو کەش و هەوایەی لەو ساتە وەختانەوە دروست بوو، درێژەی کێشا و پەرە سەند بوو ڕێگا خۆشکەر بووە، بۆ دەربڕینی بیرو ڕاو بۆچوونەکانی بە ئازادی، هەروەها هەنگاونان بەرەو دروستبوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوەی سیاسی و ڕۆشنبیری، لەگەڵ دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، وەک ڕۆژی کوردی و هەتاو، بەڵام هەموو ئەو چالاکیانە لە چوارچێوەی سیستەم و یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕوویانداوە[١].

قۆناغێکی پێشکەوتووتری بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی (تعالی و تەرەقی کوردستان) دەستپێدەکات، ئەو کۆمەڵەیە ئامانجی بڕیاردان بووە لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد، دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، هەر بەهۆی بڵاوبونەوەی بیرو باوەڕی سیاسی و ناسیۆنالیستی دروستبوون، هەروەها دابەشکردنی خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لکاندنی بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە وەک (تورکیا و عێراق و سوریا) لەلایەن ئیمپرالیزی جیهانییەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گەلی کوردستان[٢].

جگە لەمانە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەر لەژێر دەسەڵاتی شای ئێران، پاشان بووە شێوەیەک لە داگیرکردن، چونکە ڕۆژانە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردستان بە ئاگر و ئاسن وەڵام دەدرایەوە، هەموو خاکی کوردستانیش کرا بە مۆڵگە و سەربازگەی داگیرکەران، بێ بەشکردنی گەلی کوردستان لە کەمترین مافە سەرەتاییەکانی ژیان و گاڵتە پێکردن بە چارەنووسی، لە زۆربەی کۆنگرە و کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکان، بە هەستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی شۆڕشگێڕانەی لەنێوگەلی کوردستان هێنا ئاراوە، بووە هۆی ئەوەی لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان ڕاپەڕینی یەک لەدوای یەک بەردەوام بێت، لە هەر چوارپارچەش خەباتی سیاسی ڕۆژانە شێوازی تایبەتی خۆی وەرگرت بۆ داکۆکیکردن لە بڕیاردانی چارەنووس[٣].

لەگەڵ دەسپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردبوو، گەلانی ناوچەکەش کەوتنە دڵە کوتە و چاوەڕوانی گۆڕانی هێڵە سوورەکانی سەر بە نەخشەی سیاسی و ناوچەکەیان دەکرد، داگیرکردنی کوردستانی باشووریش لەلایەن سوپای بەریتانیا و بەزۆر لکاندنی و خستنە سەر ئەو بەشەی عێراق کە دەسەڵات بەدەست عەرەبەوە بووە، لە سیاسەتیشدا داردەستی بەریتانیا بووە، بۆیە گەلی کوردستان چەندین ڕاپەڕینی چەکدارانەیان دژ بە حکومەتی عێراق و

---

١ – جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتیمان، چاپی دووەم، بنکەی ئازادی، ١٩٨٥، ل٦١.

٢ – محمد فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٣ – حیکمەت محەمەد کەریم، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم و خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣، ل١٢٦.

بەریتانیا ئەنجامدا لەلایەن شێخ محموود و شێخ ئەحمەدی بارزان و هەندێک بە سەرۆک خێڵەکانی کورد، شکست هێنانی بزوتنەوەی گەلی کوردستانی باشوور لەکاتی سەرۆکایەتی شێخ محمودی نەمر و ویرانکردنی کوردستان بە سوپای بەریتانی، ئەو ئومێدەی لە دڵی زۆربەی ئەو خەڵکە نەهێشت، کە پێشتر باوەڕییان بە دۆستایەتی بەریتانیا هەبووە، تا بتوانن کوردستان ڕزگار بکەن[١].

لە باشووری کوردستاندا لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردستان، بە سەرۆکایەتی شێخ محموود (١٨٨٣–١٩٥٦) چەند گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی و نیشتیمانی هاتنە ناو گۆڕەپانی تێکۆشان، وەک جمعیەتی کوردستان ١٩٢٢، جەمعیەتی پشتوان ١٩٢٧، کۆمەڵەی سەربەخۆیی ١٩٢٠، کۆمەڵەی لاوان ١٩٣٠ کە کۆمەڵەی قوتابی پەیمانگا بوو، محمد ئەمین زەکی (١٨٨٠–١٩٤٨) سەرپەرشتی دەکردن، ئەم کۆمەڵانە گرینگیان بە دروشمی نەتەوایەتی دەدا[٢].

لە کەسایەتییە دیارەکان (ابراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح، و حامد فەرەج و فازڵ تاڵەبانی و گۆرانی شاعیر)[٣].

### باسی دووەم: ئاراستە و هزرە چەپییەکان:

چەپ و چەپایەتی زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕەوتێکی هزری سیاسی، کە هەوڵ بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵگا و دەستەبەرکردنی یەکسانی لەنێوان تاکەکانی دەدات[٤].

سەرەتای دەرکەوتنی ئەو چەمکەش لە فەرهەنگی سیاسیدا بۆ سەردەمی دوای شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە، تێگەیشتن لە چەمکی چەپ وەکو خۆی نەمایەوە، بەڵکو قۆناغ لەدوای قۆناغ لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا وەک چەپی ناوەڕاست و چەپی ڕادیکاڵی لەخۆی دەگرێت[٥]. سەبارەت بە کۆمۆنیزم بۆ ساڵی ١٨٤٨ دەگەڕێتەوە، کە مارکس لە ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە، کۆمۆنیزم باس لە خەباتی چینایەتی، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، باڵادەستی و سەروەری چینێک لە کۆمەڵگادا، لە کۆمەڵگایەکی یەک دەست و سڕینەوەی ئاسەواری سەرمایەداری دەکات[٦].

---

١ – میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، چاپخانەی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٨.

٢ – عباس نادر قادر، کورتە لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ دامەزراندنی و خۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە باشووری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٤.

٣ – ابراهیم ئەحمەد لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری بغداد کۆلێژی یاسای تەواوکردوە، کاری نووسین و ڕامیرای کردووە، بەژداری لە چالاکی شۆڕشی ئەیلولی کوردستانی باشوور بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی کردووە، هەروەها لە ساڵانی سییەکاندا لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کوردی لە بەغداد گروپێکی پێکهێناوە بەناوی (لاوانی کورد) و گۆڤارێکیشی بەناوی (دیاری لاوان) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕەفیق سالح و سدیق سالح، ڕۆژنامەی ژین، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٢.

٤ – ئەحمەد حەمە ئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نمونە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٧.

٥ – دلێر محەمەد شەریف، حزبی مارکسی چەپ، چاپخانەی ئازادی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥١.

٦ – ئازاد محمود، لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیادا، گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، خولی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩٢، ل٣.

هەروەها ئەوەی زیاتر یارمەتیدەر بووە لە پەرەسەندن و پەیوەست بوون بەو چەمکە بە تایبەتی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە لە ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ بووە[١].

لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی سەرکەوتووی شۆڕش لەژێر کاریگەری تێزەکانی مارکیزم بانگەشەی بۆ یەکسانی و سەربەخۆی گەلانی چەوساوە دەکرد[٢].

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە بیری چەپی گواستۆتەوە باشووری کوردستان، گەڕانەوەی ئەو سەربازە کوردانە بوو، کە لە ساڵی جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨، لەلایەن سوپای ڕووسەکان وە بەدیل گیران بوون، یاخوود وەکو سەرۆک هۆز و کەسایەتی ناودار بارمتە دەست بەسەرکرابوون و دواتر ئازاد کران[٣]. ئیتر ئەوانە کاتێک گەڕانەوە کەوتنە هەڵپەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە بێ ئەوەی بە دروستی لە کرۆکی مەسەلەی فکر تێگەیشتبن[٤].

جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەرکەوتنی ڕەوتی چەپ لە شەڕی بەغداد کاریگەری بۆ سەر دەستەیەک لە گەنجانی ڕووناکبیری کورد، بە تایبەت خوێندکاران لەو شارەدا هەبوو، وەک: هەمزە عەبدوڵا ١٩٠٤-١٩٩٨، عبدوسەمەد محەمەد، حەسەن تاڵەبانی ١٩١٣-١٩٩٧، ڕەشید عارف و ئیبراهیم ١٩١٤-٢٠٠٠، کە ئەوکاتە بە کارەکانی کۆمەڵەی (الاهالي) کاریگەر بوون، ڕەوتی چەپ لە ڕۆشنبیرانی لە باشووری کوردستاندا، سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، ناوچەکانی دیکە خەڵکی کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە[٥].

هەروەها وێستگەیەکی دیکەی گواستنەوەی ڕەوتی چەپ بۆ باشووری کوردستان دوورخستنەوەی چەپرەوەکان بوو لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ باشووری کوردستان، دوورخستنەوەی مەرمەرچی و نەعید بەدەوی لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ شاری سلێمانی، نەعیم سەلمان لە ساڵی ١٩٣٨ بۆ شاری کۆیە، ئەمانە ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لە گەیاندنی بیری چەپ بە باشووری کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە فکری مارکسی لەناو کۆمەڵگادا قبوڵ نەبووە، وایکردووە خوێندەوارانیش لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە سەیری بکەن، بەبیری بێ باوەڕانی لە قەڵەمداوە، بۆیە بە شێوەیەکی پێویست لە کوردستانی باشووری بڵاونەبۆتەوە[٦].

---

١ – صباح كنجي، بدايات الفكر الماركسي بين الايزيدية في العراق، مجلة الثقافة الجديدة، العدد١، ٣٥٠-٣٥١، بغداد، ١ أيار، ٢٠١٢، ص ص٩٤-١٠٠.

٢ – بژار عثمان جميل، گۆڤاری مێژوو، ژمارە٢٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠٣ ؛ فاضل قەرەداغی، خەیاڵاتی مارکسیەت، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٦، ل٤٩.

٣ — فاتیح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سوید، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٢٨.

٤ – سەردار رەشید، مێژوویەک لە یادەوەرییدا، سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستان، چاپخانە و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٧٢.

٥ – کۆمەڵەی ئەلئەهالی (الاهالی) ئەو کۆمەڵەیە لە سەرەتایی سیەکان چالاکییەکانیان دەرکەوت، زیاتر بەناوی ئەو ڕۆژنامەیە نوسران، کە بەناوی ئەلئەهالی دەریان دەکرد، لەماوەی کارکردنیاندا توانیان ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و بانگەشەی بۆ چاکسازی و دیموکراتی بکەن، لە دیارترین کادیرەکانیان، کەمال چادرچی، جەعفەر ئەبولتمەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فؤاد حسن الوكيل، جماعه الاهالي في العراق، ١٩٨٦، ص٩٣.

٦ – غفور میرزا کەریم، کێوماڵێ بەنێو بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٢٦.

## تەوەری دووەم: ئاراستە و هزری نەتەوەیی پارتە کوردییەکان (١٩٣٩-١٩٥٨):

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، کوردستان بووە بەشێک لە گۆڕەپانی ئەو جەنگە، حکومەتی بەریتانیا کە دەسەڵاتی تەواوی هەبووە لە ناوچەکە، شێوازی جیاوازی بەکاردەهێنا، وەک پرو پاگەندە بۆ کارتێکردنی لەسەر بیروڕای گشتی، دەرکردنی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی و کردنەوەی بەشی کوردی لە ئێزگەی بەغداد، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەو تەوژمە دیموکراسی و بزاڤەی پێشکەوتنخوازەی ناوچەکەی گرتبوە لە سییەکان و چلەکاندا، کاریگەری بەسەر چین و توێژی ڕۆشنبیران و نیشتیمان پەروەرانی کورد هەبووە، چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و کوردستانی دروست بوونە[1].

یەک لەو ڕێکخراوە کوردییانەیە کە بە دەگمەن لە سەرچاوەکانی تایبەت بە بابەتی ڕێکخراو کۆمەڵەی کوردییەکان ناوی هاتووە، ڕێکخراوی بروسک، بەڵام ساڵی دامەزراندی هەندێک دیگێڕنەوە بۆ ساڵی ١٩٣٦، وە هەندێکی دی دەڵێن ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە، کە ساڵی دامەزراندنی ناڕوونە، لە بادینان دامەزراوە، لەلایەن (سالح یوسفی)ەوە دامەزراوە[2]. سەبارەت بە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە ناو جەماوەری کوردستاندا، لەو کاتەی هەستی نەتەوەی لە دەروونی کوردەکان و لەو دەمەی هەست بە چەوساندنەوەی نەتەوەی و مافی زەوتکراوەکانیان دەکەن لەسەر خاکەکەیان لە کوردستان، ئەم کۆمەڵەیە جەماوەری کوردستان بۆ کۆڕی تێکۆشان هان دەدات[3].

زیندوو ڕاگرتنی بیری نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگای کوردستاندا کە بەشێک لە ئەرکی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتانەیە کە لە کارو چالاکییە و پرۆگرامەکانیاندا باس لە هزری نەتەوەیاتی دەکەن، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا[4]. هەموو لایەنەکان لەسەر مەسەلەی کۆکردنەوەی هەموو هێز و نیشتیمانی و گروپە سیاسیە پێشکەونخوازەکانی کوردستانی عێراق لەیەک بەرەی نیشتیمانی دا، یەک دەنگ بوون، ئامانجی ڕزگاری و یەکگرتنی کوردستانی گەورەیە، ناوەندی حزب لە کوردستانی عێراقدایە، لەبەر ئەوە ئێمە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە نفوزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستەکان کە گەورەترین کۆسپن لەبەردەمی ڕێگای پێشکەوتنی کوردی عێراقدا تێدەکۆشین[5].

حزبی نەتەوەیی یەک جۆر بنەمای ئایدۆلۆژیی یەکگرتویان نییە و لەناو جەماوەرەوە هەڵقوڵاون زۆربەی ئەو حزبانە پەیڕەو بەرنامەی سۆسیالیستی یان ناسیۆنالیستیان هەیە، ئەم حزبانە بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن حزبی جەماوەرین و پشتبەستن بە گرتنە بەری سیاسەتی ڕادیکاڵی و سیستەمی دیموکراسی گرنگی بە ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەدەن و جەخت لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسا و باشترکردنی بژێوی خەڵک دەکەنەوە[6].

---

١ – محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣؛ فەهد گردەوانی، ڕێکخراو کۆمەڵە پارت لە کوردستانی عێراقدا،ستوکهۆلم، ١٩٩٩، ل٣٠٢

٢ – عبدالسلام علی، صفحات من نضال الشهيد صالح يوسفی، الطبعة اول، دهوک، ١٩٩٢، ص١١.

٣ – عبدوالخالد صابر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

٤ – عبدالفتاح علی يحيی البوتانی، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، مطبعة موكرياني، أربيل، ٢٠٠١، ص٢٨٤.

٥ – عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد، چاپخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٧٠؛ محمد شيرزاد، نضال الاكراد، القاهرة، ١٩٤٦، ص٣٠.

٦ – بەرزان ئەحمەد کوردە، مۆدێلی حزبایەتی لە کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٥.

ئەگـەرچی ناسـیۆنالیزمی کـوردی نـەیتوانیوە بگاتـە ئامانجـە باڵاکـەی کـە بنیاتنـان و پێکهێنـانی گیـانێکی نەتەوەیی سـەربەخۆیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک دەرهاوێشتە و دەرئەنجامی لێکەوتۆتەوە، بەشێک لـەم دەرئەنجامانە ئیجابین و ڕۆڵ و بایەخیان لـە مێژووی کوردییدا دیارە و کاریگەری خۆیان لەسـەر کێشـەی نەتـەوەیی کـورد هەبووە،بـەڵام لەهــەمان کاتـدا ئەشـێت وەک سروشـتی گشـت ناسـیۆنالیزمێکیترخاوەنی کۆمەڵێک سلبیاتیش بێت، ناسیۆنالیزمی کوردی بە هـەموو لایەنـەکانی خـەباتی (چەکداری سیاسـی میدیا...) توانیویەتی کار لەسەر هەست و هۆشی نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بکات[1].

## باسی یەکەم: حزبی هیوا:

دوای ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی دارکەر هاتنە سـەر بیری فراوانکردنی ڕیکخسـتنەکانی کۆمەڵەکەیان[2]، لەگەڵ ڕازی بوونیان بە داواکارییەک کە (ڕەفیق حلمی)[3] خستیە ڕوو[4]، ئەویش گۆڕینی نـاوی کۆمەڵەکە بێت بۆ حزبی هیوا، ئەو حزبە لەسـەر پاشماوەی ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی دارکەران لـە سـاڵی ١٩٣٩ دامـەزرا[5]. حزبی هیوا ڕەفیق حلمی بوو بە سەرۆکی ڕیبەرایەتی خـەباتی کوردی دەکرت، تـا سـاڵی ١٩٤٥ و دروشـمی خود موختاری هەڵگرتبوو[6]، کە حزبێکی نهێنی کوردی بووە، کە خوێندەوارانی کورد، ئەفسـەران، سـەرۆک عەشیرەتەکان ڕۆڵیان هەبووە لە چالاکی ناو حزب[7]. هەر زوو توانی پـەرە بـە ڕیکخسـتنەکانی بدات، شـایەنی باسە ئەم پارتە بە شێوازێکی نهێنی بە دەستپێشخەری هەندێک لـە ئەفسـەرە ڕۆشـنبیرە کوردەکانی دامـەزرا و ئامانجی هێنانەدی سـەربەخۆیی نەتـەوەی کـورد و دامەزراندنی حکومـەتی کـوردی بـووە[8]. حزبی هیـوا بـە دیارترین و گرنگترین حزبی کوردستان دەژمێردرێت،[9].

دەکرێ بگوترێ کە دامەزراندنی حزبی هیوا بۆخۆی سـەرەتای لـەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کـورد بـووە، حزبی هیوا کە پارتێکی نەتەوەی بووە خەباتی دەکرد بۆ سـەربەخۆی نەتـەوەی و دامەزرانـدنی حکومـەتێکی کوردی و خەبات کردن دژی فاشیزم.

---

١ – هیوا عزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی ١٨٨٠–١٩٣٩، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤١.

٢ – کافی سلمان مراد الجاردي، ٢٠١٧، ص٤٦.

٣ – ڕەفیق حلمی: کوڕی سالح کەرکوکی لـە سـاڵی ١٨٩٨ لـە کـەرکوک لـەدایکبووە، بەهۆی زیرەکی و لێهـاتووی بۆتـە ئەندام لـە کۆمەڵەی هێڤی، دامەزرێنەری کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان، جەمعییەتی کوردستان، کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان و سـەرۆکی حزبی هیوا بووە، لە تورکیا لە ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوای کرد. بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: ڕەفیق سـالح، ڕۆژنامـەی ژیـان، بـەرگی دووەم، ژمارە ٨٢–٢٥٩، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٢.

٤ – سـەیران صـالح اسـماعیل، ڕۆڵـی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی هـۆزی جـاف لـە باشـووری کوردسـتان ١٩١٨–١٩٤٥، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ماستەرنامە، بڵاونەکراوە، ٢٠١٦، ل٧٨.

٥ – سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٦١.

٦ – فەیسەڵ دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی ١٩٤٣–١٩٤٥ بارزان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧، ل٤٤.

٧ – علاء الدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

٨ –عەبدوڵڵا ئـەنوەر عەبـدوڵڵا (سـمکۆ ئـەنوەر)، ڕۆژنامـەوانی کـوردی شـاری هـەولێر ١٩٣٥–١٩٧٥، چـاپی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٧٤.

٩ – ڕەحمان نەقشی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ.ک، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١، ل٢٤.

کاتێک بڕیاریاندا بۆ دامەزراندنی حزبی هیوا، کۆنگرەیەکیان بە نهێنی بەست و سەرکردایەتی حزبی هیوایان هەڵبژارد لەو ناوانە: رەفیق حلمی – سەرۆک و ڕابەری حزب، اسماعیل حەقی، تۆفیق وەهبی، معروف جیاوک. مستەفا خۆشناو، عزت عبدالعزیز[1]. هۆکاری دامەزراندنی حزبی هیوا بەهۆی دابەشبوونی خاکی کوردستان بووە، کە لەنێوان وڵاتە گەورەکاندا دابەش کرابوون، هەروەها نەبوونی یەکێتیەکی سیاسی گەلی کورد بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی و سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و بینینی کە بەرپرسیارەتی مێژوویی پێویستی بەوەیە دەستپێشخەری بکەن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی سیاسی بۆ ڕێکخستنی کوردستان، ئامانجی ئازادکردن و یەکخستنی کوردستان بووە، هەروەها بەدیهێنانی مافە نەتەوەیەکانی نەتەوەی کورد، بۆ خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردستان[2].

لە ساڵانی چلەکاندا بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی باو بووە لە کوردستان، لەو سەردەمەی کە حزبی هیوا لە چالاکی و گەشەکردن دا بووە، ئەو قۆناغە قۆناغی شۆڕشی نیشتیمانی بەڵکو خەباتی دژ ئیستعمار و دەسەلاتی پاشایەتی کۆنەپەرست دەکرا[3]. هەروەها لە نیوەی دووەمی ساڵی١٩٤١، هەرسێ کۆمەڵەی کوردستانی ، کۆمەڵەی ئازادی کورد، کۆمەڵەی برایەتی، کە لە شاری سلێمانی دروست ببون، لەگەڵ حزبی هیوا لەناو یەک دەتوێنەوە، بەپێی هەندێ بیروڕا ئەم یەکگرتنە بە دەستپێشخەری ئەفسەرە کوردەکان بووە، سەبارەت بە پرۆگرامی حزب، حزبی هیوا هیچ پێرەوێکی ناوخۆیی نەبووە، یان پرۆگرامێکی چاپکراوی نەبووە[4].

لە ئاکامی هەڵوەشاندنەوەی حزبی هیوا، ڕێگا کراوە بۆ دروستبوونی چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی جیاواز، کۆمەڵەی هەوار، یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانە کە لە شاری سلێمانی دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنی بوو، دەربارەی ساڵی دامەزراندنی بیروڕای جیاواز هەیە، چەند کەسانێک وای دەزانن کە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرابێت، ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ ساڵی ١٩٤٤ دامەزراوە[5]. لە ئەندامە دیارەکانی (رەئیس مستەفا، حەمە ڕەشیدی، مەلا عەلی کارێز سەرۆکی بوو، ئەم کۆمەڵەیە لە بڵاوکراوەکانی بەناوی پشکۆ بووە، ئەندامەکانی نەتەوەخوازبوون و هەڵگری دروشمی ڕزگارکردنی کوردستان بووە[6].

## باسی دووەم: ژێکاف و ڕزگاری

نەتەوەی کورد لەڕەوتی ژیانیدا بەپێی تێکەڵاوی ڕەگەزی ژیانی نیوەی کۆچەری و پێداویستیەکانی کاری ڕۆژانەی زۆری گوێنەداوەتە سنورە دەستکردەکانی دوژمن لەناو خاکی کوردستاندا و سەرەڕای

---

١ – مستەفا خۆشناو: لە ساڵی ١٩١٢ لە ناوچەی بێتواتە لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی لە شاری کۆیە و دوا ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٣١ لە خانەی مامۆستایانی شاری بەغدا وەرگیراوە، هەروەها بۆتە ئەندام لە حزبی هیوا و یەکێک لە ئەفسەرە کوردکانی ڕیزی سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٣٦، ئەندامی لێژنەی ئازادی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد، ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە بەغدا لە سێدارە دراوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: معروف قەرەداغی، بارزانی و نهێنییەکانی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٦٥ ؛ نەجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٢.

٢ – شاخەوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص١١٩.

٣ – محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی، سەرچاوەی پێوو، ل١٢٩.

٤ –طاریق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٣.

٥ –محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

٦ – کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨، ل٨٩.

زەبر و زەنگ و توندوتیژیی داگیرکەران نەیهێشتووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی نێوان کوردی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان لێک بپچڕێ[1].

بەر لەدامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف لە کوردستانی باشوور (کۆمەڵەی لاوان دامەزرا ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٤دا گۆڤاری دیاری لاوان)ی بلاوکردەوە ساڵی ١٩٣٥ کۆمەڵیکی نهێنی لەسلێمانی دامەزرا کە ناوی (کۆمەڵەی پیشرەوی نیشتمان)بوو، هەرچەندە ئەم دوو کۆمەڵانە نەیان توانی بۆماوەیەکی زۆر درێژە بەژیانی بدەن، بەڵام توانیان تا ئەو ڕادەیە شوێنی خۆیان لەناو کوردە ڕوناکبیرەکانی بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات بکەنەوە، کە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی و نیشتمانی هەنگاو هەڵگرن[2].

کۆمەڵەی (ژ.ک) یەکەمین پارتی سیاسی بوو لەسەر بنەمای هەستی نەتەوایەتی کوردی،لە کوردستانی ئێراندا،پێکهات و پاشان بە پێی کۆمەڵێک زەروریاتی سەردەم و دوای پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بەرنامە و ڕێبازەکەیدا بووبە حیزبی دیموکرات، ئەوڕۆ کوردەکانی ئێران و عێراق سەبارەت بە دەستنیشان کردنی ڕادەی ڕۆڵی کوردەکانی عێراق لە دروست بوون و پەرەپێدانی کۆمەڵەدا،جیاوازی بیر و بۆچونیان هەیە، بەڵام بەڵگەو نیشانەی زۆر لە بەر دەست دایە کە حیزبێک بە ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ یەکەمجار بەهۆی کوردەکانی عێراق و لە شاری سلێمانی دامەزراوە، مەحموود جەودەت لە ناسیۆنالیستە چالاکەکانی کورد، دامەزرینەری سەرەکی ئەوپارتە بووە[3].

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی کە کورتکراوەکەی (ژ.ک) زیاتر ناوی دەرکرد، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد بە ئامادەبوونی ئەندامی حزبی هیوا (میر حاج ئەحمەد) دامەزرا، کە ئامانجی یەکەمی بەدیهێنانی مافی خودموختاری بووە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران[4]. مەسەلەی خەباتیشی بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی گەورەو، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ قۆناغێکی دواتر دانابوو، بیرکردنەوەی لقێکی کۆمەڵە (ژ.ک) لە کوردستانی عێراقدا، لە ڕاستیدا لەخۆوە نەهاتۆتە گۆڕێ، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵومەرجی گشتی کوردستان و ئەرکە سەرەکییەکانییە کۆمەڵەی (ژ.ک) خۆی بوو، بۆیەش لەو ئەنجام و پێناوەشدا

١ – حامید گەوهەری، کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢١.

٢ – لاوانی کورد: ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارەکی بەناوی یادگاری لاوان"و دیاری لاوان"بەرهەمی ئەو کۆمەڵەیان بە گۆڤار ناو بردووە، بەڵام کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین بڵاوکراوەکانی بە گۆڤار دا نەناوە لەبەر ئەوەی مەرجەکانی کاتنامەیان تێدانییە، ئیمتیاز و سەرنوسەر و ناونیشانی دائیمی و شوینی دەرچونی تێدا نییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕەفیق سالح، یادگاری لاوان، دیاری لاوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان،سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤ ؛ حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢-٢١.

٣ – مەحموود جەودەت: کوری ئەحمەد جەودەت، ساڵی ١٨٨٨ لە سلیمانی لە دایک بووە. مەکتەبی عەرەبییەی ئەستنبۆل تەواوکردووە، بە دامەزرینەری کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان ١٩١٩ دادەنریت، هەروەها ئەندامی دەستەی بەریوەبردنی کۆمەڵەی سەرکەوتنی کوردان ١٩٣٠ بووە، لە شەری بەر دەرکی سەرا لە سووپا هەڵاتووە چۆتە پاڵ شێخ مەحموود ١٩٣٧ شایەنی باسە لە "ژیانەوە"و ژیاندا نوسینی بڵاوکراوەی هەیە. دوو کتێبیشی بەناوی (بەهائوڵلا و دەوری نوێ، پۆڵندە وەیا لەهستان) لە چاپ دراون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەدیق سالح، سەرچاوەی پیشوو، ل ٢٩؛مجبتی برزوی، آوضا ع سیاسی کردستان،، (آزسال ١٣٥٨-١٣٢٥ ە.ش)چاپ آول، نشر فکرنو، تهران، ١٣٧٨، ل ٣٦٤.

٤ – میر حاج ئەحمەد تاهیر، ساڵی ١٩١١ لە ئاکرێ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆز و کوردپەروەر لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٤-١٩٣٥ لە کۆلێژی عەسکەری وەرگیراوە، دوایش بۆتە ئەفسەر ناوبراو ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا بووە، لە ساڵی ١٩٤٣ بۆتە نەقیب هەر لەو کاتەدا چۆتە ئێران و پەیوەندی بە کۆمەڵەی ژێکافەوە کردووە لە مهاباد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عوسمان سەنگەسەری، سەرکردە نەمرەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٧٨.

کۆمەڵەی (ژ.ک) لقی لە عێراق لە مانگی ئابی ١٩٤٤ دامەزراند، کەسانی ڕۆشنبیر و نیشتیمانپەروەر لێ کۆبونەوە[1].

بەهۆی پەیوەندی پتەوی نیوان حزبی هیوا و (ژ.ک) کە هەردوو ڕێکخراو دیدەنی یەکتریان ئەکرد و ئالوگۆری بیر و ڕایان ئەکرد. لە ساڵی ١٩٤٤ محمد ئەمین شەرەفی بە نوێنەرایەتی (ژ.ک) بۆ دانانی ڕێوشوینی هاوکاری سەردانی کوردستانی عێراقی کرد[2]. چاوی بە ژمارەیەک بەرپرسەکانی هیوا کەوت وەک: مستەفا خۆشناو، عەزیزی شەمزین، ئەمین ڕەواندزی، شێخ قادر...، هەر لەهەمان ساڵدا لە لقی عیراقی (ژ.ک) ئیسماعیل حەققی شاویس و عوسمان بینی، ئەگەر بمانەوێت ئەو هەڵومەرجە بکەین کە بە چ شێوازێکی کۆمەلەی (ژ.ک) لە کوردستانی باشور دامەزراوە. لەسالی ١٩٤٢ کۆمەڵی (ژ.ک) لە کوردستانی ئێران دامەزراوە و لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٤٦ ئەو کۆمەڵەیە لقێکی لە عیراقدا کردەوە لەژێر سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئیسماعیل حەققی شاویس و شاعیری گەل فایق بیکەس و زەکیە بابان ئەو لقەی لە سلیمانی و کەرکوک و کفریدا جموجۆلی هەبووە[3]. ئامانجی کۆمەلی (ژ.ک) داواکردنی لە لاوانی کورد بۆ تیکۆشان لە پیناو مافی خۆیان و کورد و کوردستان هاندانی گەلی کورد لە ریگای راگەیاندن[4]. کۆمەڵە بەردەوام بوو لە چالاکی هەتا ساڵی ١٩٤٧ کە ئیبراهیم ئەحمەد چووە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان[5].

ئامانجی حیزب لە دەسەڵاتداریتی، سەرەڕای ئەو کۆسپ و بەربەستی جۆراوجۆر، بەشداریی خەڵک لە بەدەستەوەگرتنی چارەنوسی خۆیان دژی ئیمپریالیزم.لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ دا هەموو لایەنەکانی لەسەر مەسەلەی کۆکردنەوەی هەموو هیزە نیشتیمانی و گروپە سیاسی یە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی عێراق لە یەک بەرەی نیشتمانی دا، یەک دەنگ بوون. ئامانجی ئەم بەرەیە بریتی بوو لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی وەدەست هێنانی مافی چارە خۆنوسین و ڕزگاری کوردستانی گەورە، یەکخستنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵانی خەلکی عێراقدا[6].

حزبی هیوا ئەرکی دامەزراندنی ئەو بەرەیان گرتە ئەستۆ بە دەستپێشخەریی ئەو لایەنانە حزبی بەرەی نیشتمانی یەکگرتووی کوردی عێراق بەناوی حزبی رزگاری کوردە و دامەزرا. شایەنی باسە حیزبی شۆڕش ڕۆڵی هەبوە لە دامەزراندنی حزبی رزگاری بە مەبەستی کۆکردنەوەی گشت چین و توێژە نیشتمان پەروەرەکان لە ژێر یەک ئاڵادا، بە ڕابەرایەتی چەپەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی داگیرکەران و کۆنەپەرستان، ئەوە بوو کۆبونەوەیەک لە مالی عەلی حەمدی ئەنجام درا بریاری حیزبی رزگاری درا کە

---

١ –دڵشاد مەحموود عەبدورەحمان، ئیسماعیل حەققی شاوەیس ١٨٩٤–١٩٨٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٩٥–٩٨.

٢ –نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان کورد لە گەرمەی سۆڤێتی دا، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشک، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل ٧٧.

٣– فەهد گردەوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

٤ – عبدالقادر دەباغی، ژێ کاف چ بوو؟، بێ شوێنی چاپ ، ١٣٦١، ل ٤١ ؛ سەید موحەمەد سەمەدیی، ژێ کاف، مەهاباد، ١٣٦٠، ل ١٤.

٥ – فەهد گردەوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

٦ – عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

ئەندامانی سەرکردایەتی بەم جۆرە بوون (سالح حەیدەری شۆڕش)، نافع یونس (شۆڕش)، نوری شاویس (شۆڕش)، نوری محمد ئەمین (شۆڕش)، تەها محێدین (بێلایەن)، مەلا حەکیم (بێلایەن)، کە ئەو دوو ناوی سەرەتا بە ناوی شۆڕش چوونە ناو حیزبی ڕزگاری کورد[1].

حیزبی ڕزگاری لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە بچوکەکانی کوردستان و عێراق پێکهاتووە. حیزبی ڕزگاری لە ڕووی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژییەوە دوو ڕەوتی حیزبی دەگرێتە خۆی، ڕەوتێکی هزری مارکسی (نوێنەرانی حزبی شۆڕش)، لەگەڵ ڕەوتێکی هزری ناسیۆنالیستی[2].

دەکرێت بڵێین دامەزراندنی حزبی ڕزگاری هەوڵدانیک بوو بۆ قولکردنەوە و چەسپاندنی هزری سۆسیالیست لەناو حزبە ناسیۆنالیستە کوردستانیەکان. سەبارەت بە پرۆگرامی حزب بریتییە لە یەکگرتن و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە، هەوڵدان بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی ئیدارەی کوردستانی عێراق، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی تەواو کێشەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری، کارکردن بۆ پێکهینانی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ولاتە دیموکراتەکان بۆ خەبات دژی پیلانی ئیستیعماری و کۆنە پەرست کە ڕێگای لە ئازادی گشتی و ئازادی کورد بەتایبەتی دەگرن[3].هەروەها زمان حاڵی حیزب بەناوی رزگاری بووە[4]. هەروەها حیزبی ڕزگاری ئەندامی لە هەموو شاری هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و ڕواندز لقیان هەبوو بۆ پشتگیری و کار و چالاکیەکان، رزگاری بەنیازبوو فشار بخاتە سەر پیاوانی ئایینی و شێخ بۆدەرکردنی فەتوا بۆ قەدەغەکردنی جولانەوەی ئەم پارتە وەک لقێکی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی، هەندێک لایەنی عێراق دژ بە پاشایەتی و لەوانەشە حیزبی شیوعی عێراق ڕەخنەی بەر بلاویان ئاراستەی ئەو پارتە کردووە بۆ کۆکردنەوەی توخمەکان لەو لایەنانەی کە پێیان دەوترێت کۆنەپەرستی کە لە هەندێک کوتلە پێکهاتبوون و هەڵوەشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پارتە لە ٦ی ئابی ١٩٤٦بڕیاری دا خۆی هەڵبوەشێنێتەوە ویستی هەوڵەکانی لەگەڵ حیزبی شۆڕش یەکبگریت لە بنیاتنانی حیزبێک کە هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەری تێدا بێت چ کۆمۆنیست بێت یان لە ڕەوتی ڕۆشنبیربێت[5]. ڕزگاری دەکرێت بەناوکێک دابنرێت کە پارتی دیموکراتی کوردستانی لە عێراقدا سەری هەلداوە.

## باسی سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستان

دامەزراندنی کۆماری کوردستان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەسەر تێکڕای پارچەکانی کوردستاندا هەبوو، لەم سۆنگەشەوە لە باشووری کوردستاندا بیر لە یەکخستنی کۆمەڵە و هێزە شۆڕشگێڕەکان لەچوارچێوەی یەک پارتی نەتەوەیی شۆڕشگێڕدا، کەوتە بیری نیشتیمانپەروەرانی کورد، تا دواجار لە ئەنجامی هەوڵەکاندا دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) لێکەوتەوە[6]. هەمزە عەبدوڵلا[1] (١٩١٥-١٩٩٨) وەک دەستەی

---

١ – عەباس نادر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

٢ –محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٥١٢.

٣ – فەهد گردەوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦ ؛ وەدیع جوەید، سەرچاوەی پیشوو، ل ٥١٢.

٤ – نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٥.

٥ – کافی سلمان مراد الجاردی، المصدر السابق، ص ٤٩.

٦ – کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێر: حەسەن وەستگار، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٠.

دامەزرێنەر گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان، لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفای بارزانی. بەیانی دامەزراندنەکەی هەمزە عەبدوڵڵا بە عەرەبی نووسیەوە و محمد محموود قودسی ۱۹۲۲-۱۹٤٧ کردوویەتی بە کوردی، هەروەها بەیاننامەیەکیشیان بەناوی مەلا مستەفای بارزانی نووسیوە بۆ خەڵکی باشووری کوردستان تا پشتیوانی پارتی دیموکراتی کورد بکەن[٢].

بارزانی لەگەڵ (هەمزە عەبدوڵڵا، نەقیب میر حاج ئەحمەد، عەقید روکن عەبدولعەزیز، نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب خەیروڵا عەبدولکەریم، مولازم محەمەد محموود قودسی، مولازم نوری ئەحمەد تەها) دا کۆبوونەوە و یەکەمین بەردی بناغەی پارتی دیموکراتی کوردیان دانا، ئینجا خەریکی چەسپاندنی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆکەی بوون[٣]. کاتێک هەمزە عەبدوڵڵا گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتی هەریەک لە پارتی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق و شۆڕش و پارتی ڕزگاری بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین کۆنگرەی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا بەست، ئەو کۆنگرەیە باس لە پەسەندکردنی پێڕەو پرۆگرامەکەی، هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، دیاریکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، یەکێک لە ڕاسپاردەکانی یەکەمین کۆنگرە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بوو، وەک ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمەش ٢ی ئەیلولی ١٩٤٦ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕزگاری) بە زمانی عەرەبی دەردەچێت[٤].

سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەتای چالاکییەکانی بریتی بوون لە هەوڵدان بۆ دووبارە ڕیکخستنەوەی شۆڕش و ڕزگاری لەناو ڕێکخستنە تازەکەدا، بەمەش توانیان لە ماوەیەکی کەمدا سنووری چالاکییەکانیان بگێننە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان[٥].

سەبارەت بە کۆنگرەی یەکەم، مستەفا بارزانی بووە سەرۆک – شێخ لەتیف محموود وەک جێگری یەکەم، کاکە زیاد جێگری دووەم، هەمزە عبدالله سکرتێر، ئەندامەکانی جەعفەر محمد کەریم، عەلی عەبدوڵڵا،

---

١ – هەمزە عەبدوڵڵا: لە ساڵی ١٩١٤ لە ناحییە باشقەلا لە شاری وان لە بنەماڵەیەکی دڵسۆز بۆ کوردایەتی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، باوکی ئەفسەری عوسمانی بووە لە شەڕدا لەگەڵ ڕووسەکان بووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوو حیزبی شۆڕش و ڕزگاری پەیدا دەکات لە لەسەر داوای ئەوان لە ساڵی ١٩٤٦ چۆتە مەهاباد و بەنیازی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بکەن، ئەوە بووە وەک سکرتێری پارتی بوو لە ساڵی ١٩٤٩، ، دواتر بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ لە گوندی سیتەک بە خاک سپێردراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عوسمان سەنگەسەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

٢ – ئەحمەد حەمەد ئەمین، پارتی دیموکراتی کورد- عێراق، بەرەی پێشکەوتوو ١٩٥١-١٩٥٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٢.

٣-مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢، ل١٨٧.

٤ – ڕۆژنامەی ڕزگاری، کە تایبەت بووە بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو ماوەیە مامۆستا هەمزە عبدالله، سکرتێری پارتی بووە، ڕۆژنامەی ڕزگاری ، هەر یەکەم ژمارەی بە کوردی بووە، ڕۆژنامەی ڕزگاری لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی مێژووی بینیوە لە بڵاوکردنەوە بیری کوردایەتی و دیموکراتی ڕاستەقینەدا، بەمەش بووە سەکۆی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کورد لە بەرامبەر ڕووداوە پێشهاتە سیاسیەکان، لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و عێراق بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا جاف، گەشتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی ١٢٣ ساڵدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١، ل٣٧.

٥ – جليلي جليل و أخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، المترجم: عبدی حاجی، الطبعە الثانية، دهوک، ٢٠١٢، ص٢٢٩ ؛ ئاوارە کەریم، کارەساتی پارتی، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٠٣.

عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر، هەروەها بارەگەی مەکتەبی سیاسی لە شاری بەغدا بێت. وە کۆنگرەی یەکەم لە ماڵی سەعید فەهیم بەستراوە[1]. دەکرێت بگوترێت پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە سێ ئاراستەی سیاسی فکری جیاواز پێکهاتووە: ئاراستەی یەکەم:- پێکهاتووە لە چەند کەسێکی کۆمەڵایەتی و عەشایەری وەک بنەماڵەی بارزان و بنەماڵەی شێخ لەتیف و کاک زیادی غەفووری لە کۆیە. ئاراستەی دووەم:- کۆمەڵە کەسانێک لە ڕووناکبیرانی هەڵگری بیروباوەڕی دیموکراسی ناسیۆنالستی، وەک (ساڵح یوسفی، تەها محێدین، میر حاج ئەحمەد). ئاراستەی سێیەم:- کۆمەڵێک ڕوناکبیر، کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی و سۆسیالیستی، زۆربەیان پێشتر پەیوەندیان بە حزبی شۆڕش کردوو، وەک هەمزە عەبدوڵڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و عەونی یوسف، داواکاریەکانی مستەفا بارزانی و لێژنەی ئازادی توانراوە هەردوو ڕەوتی ناسیۆنالیستی کۆبکرێتەوە، هەروەها هەڵگری هۆکارەکانی ململانێ و ناکۆکی چینایەتی دەبێتەوە[2].

پارتی ڕێکخراوێکی سیاسی ناسیۆنالیزمی، ئەوانەی بەشداریان کرد لە دامەزراندنی ، کۆمەلە کەساتێکی بیروباوەڕی جیاواز بوون، خەباتی نیشتیمانی نەتەوایەتی کۆیانی کردۆتەوە، دەکرێت بگوترێت زۆر کات وشەی نیشتیمانی و نەتەوەیی هاو واتا لەگەڵ یەک دێن لەلایی زۆربەمان هەمان مانای هەیە، بەڵام ئەو دوو چەمەکە جیاوازی هەیە، نەتەوەیی واتا یەکبوون بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڕزگاربوون لە ژێر دەستی ئیمپرالیزم، بەڵام نیشتیمانی واتا بەدەستهێنانی ماف لەڕێگای دەستوور، ئەمەش لەڕێگای بەدیهاتنی نەتەوەیی بەدەست دێن ...، دووەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥١ لە بەغداد بەسترا[3]، لەم کۆنگرەیەدا پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆی حیزبەکە بێ دەستکاری وەکو خۆیان هێڵرانەوە، بەڵام کۆمەڵەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا، ئیبراهیم ئەحمەد کە تازە لە زیندان دەرچووبو تێکەڵاوی ناکۆکیەکانی ناو حزبەکە نەبوە هەڵبژێردرا بە سکرتێری حیزب[4]. ئیبراهیم ئەحمەد، بە پەیامنێری تەلەگرافی یەکشەمەی گوتوە: ئێمە بە کۆمۆنیست تۆمەتبار کراوین و ئەمە ڕاست نییە. ئێمە هیچ ئامانجێکی کۆمۆنیستمان نیە و ئێمە پشتگیری سەربەخۆیی دەکەین و کۆتایی بە چەوساندنەوەی زمان و کلتور و ئابوریمان دێنین[5].

شایەنی باسە کۆنگرەی سێیەم لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ لە کەرکوک بەسترا، گرنگی ئەم کۆنگرەیە لەوە دایە کە بیروباوەڕی مارکسی لینینی بەرزکرانەوە، ئۆرگانی حزب لە ڕزگاری بوو بە خەبات،

---

١ – جەعفەر محەمەد کەریم لە ساڵی ١٩١٠ لەشارەدێی زۆرباتییە سەر بە شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای کوت لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا تەواوکردووە، ناوبراو یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی هیوا، پارتی ڕزگاری لە یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیموکرات کورد بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ساڵی ١٩٤٨ بە بیانووی پاشکویەتی بۆ ئێران، ڕەگەزنامەی عێراق لێوەرگیراوەتەوە و نەفی کراوە بۆ ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەحمەد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦ ؛ محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

٢ – عبدالرزاق مطلک الفهد، الاحزاب السياسية في العراق و دورها في الحركة الوطنية و القومية ١٩٣٤-١٩٥٨، الطبعة الاولى، مؤسسة بيروت، لبنان، ٢٠١١، ص٢٤٦ ؛ محمد فاتح، پەرەسندنی ژیانی حزبایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

٣ –علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق تا بەشی کۆنگرەی سێیەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٦٨، ل١٥٢ ؛ محمد فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

٤ – نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بیروت، لبنان، ٢٠١٣، ل٥٩٩.

٥ – عبدالرزاق مطلک الفهد، المصدر السابق، ص٢٥٠ ؛ اوق زودو، المسالة الكردية و القوميات العنصريه في العراق، الطبعة الاول، بيرون، ١٩٦٩، ص ص١١٢-١١٣.

دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان وەک قوتابیان، لاوان، ئافرەتان، دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا بە یەکجاری لە حزب، بارزانی وەک سەرۆک مایەوە ئیبراهیم ئەحمەدیش بوو بە سکرتێر[1].

ئەوەی جێگای هەڵوەستەکردنە ئەوەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای کۆنگرەی سێیەم بنەماکانی بیری مارکسی لە پێڕەو و پرۆگرامی خۆیاییدا جێکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی لەلایەک ببو بە مۆدێل. لەلایەکی دیکەشەوە دەبوو پارتی لەو ڕێگایەوە بەربەست لەبەردەم چالاکییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا دروست بکات[2].

پارتی لە ئاکامی کۆنگرەی سێیەم بنەماکانی بیری مارکسی لە پێڕەو و پرۆگرامی خۆیدا جێکردەوە، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی چەند کەسانێک لە کوردە مارکسیەکان پەیوەندیان بە سەرکردایەتی پارتی کرد و هاتنە ناو ڕیزەکانیەوە، وەک (نەژاد احمد عزیز، خەسرەو تۆفیق) بەم جۆرە کۆمیتەیەکی ناوەندی دیکە پێکهێنرا بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری پارتی، لە ساڵی ١٩٥٧ بە مەبەستی ڕیکخستنەوەی چالاکییە حزبی و سیاسیەکان لە کوردستانی باشوور لە یەک حزبدا، سەرکردایەتی پارتی کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی لقی کوردستانی، حزبی شیوعی عێراقی، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بووە هۆی هاتنە ناوەی (صالح حەیدەری، کەمال فوئاد، حەمید عوسمان) بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان[3]. تەنانەت درێژەپێدانی ململانێ دوای گەڕانەوەی سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لە یەکێتی سۆڤیەت دەرکەوت، ئەو ململانێ و ناکۆکیە کۆنانە هەر ماون[4].

---

١ – جلال الطالباني، الحركة القومية الكردية، الطبعة الاول، بغداد، ١٩٧٠، ص١٠١ ؛ سدیق سالق – رەفیق سالح، ڕۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق ١٩٤٦–١٩٥٨، چاپخانەی بنکە ژین، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦؛ محمد مەلا قادر، خەباتنامە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٨ ؛ سدیق سالح – رەفیق، سالح، لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتب کوردستان ١٩٤٦–١٩٦٣، چاپخانەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٥٢.

٢– ئەحمەد حەمەد ئەمین ئومەر، بیرەوەرییەکانی نوری شاوەیس، دهۆک، ٢٠٢٠، ل٤٢٤.

٣ – حبیب محمد کریم، تاریخ الحزب الدیموقراطي الکوردستاني – العراق، ص٤٩ ؛ ئەحمەد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

٤ –علی سنجاری، صفحات من نبع ذاکرتي في الحزب الدیموقراطي الکردستاني، الطبعة الاولی، مؤسسة خاني، دهوك، ٢٠١٥، ص١٣.

## تەوەری سێیەم: ئاراستە و هزری کۆمۆنیزمیی پارتە کوردییەکان (١٩٣٩-١٩٥٨):

کۆمۆنیزمی هەموو ئەو زانست و دەسکەوتە گەورانە دەبەستێتەوە بەئامانجی تێپەڕین بەرەو کۆمەڵگایەکی بەرزتر. کە پێویستی بە خەباتی هۆشیارانەی پۆلیتاریا (چینی کرێکاری پیشەسازی) دروستبکریت، کە ئەم جۆرە باسانە لە خۆدەگرێت خەباتی چینایەتی و بنەماکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و ئامانجی کۆمەڵگای کۆمۆنیزمیە[1]. دەکرێت بڵێین لە دروستبوونی هەر ئاراستێکی هزری سیاسی کە دروست دەبێت لە ناوچەی جیاجیا، بەهۆی فراوانبوونی چالاکییەکانیەوە، بڵاودەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئاڕاستە سیاسیە جۆرە هزرێک پەیرەو کرد لە خزمەتی خەلک و کۆمەڵگادا بیت، بیگومان زۆر بە زووی کەمەندێشی ناو میللەت دەبێت بە تایبەتی ئەگەر میللەتیکی زۆر چەوساوە بێت لە ژێر دەستی ئیمپرالیزم بێت، نمونەشمان بۆ ئەو قسە میللەتی کورد لە وەرگرتنی بیر و هزری کۆمۆنیزمی. جیگای ئاماژە بۆکردنە، ئەوەی بووە هۆکاری زیاتر بڵاوبونەوە و گەشەسەندنی هزری کۆمۆنیزمی لە باشووری کوردستاندا، سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی و دەرهاوێشتەکانی بوون. لە کاتێکدا هەلومەرجی جەنگ ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ کۆمۆنیستەکان عیراق چالاکیەکانیان پەرەپێبدەن، چونکە ئەنجامی خراپ بوونی باری گوزەرانی خەڵک و دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵاتییەوە، زەمینە ساز بوون بۆ جۆرێک لە ئازادی کارکردنی کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بوونی هێزێکی زۆری سۆڤیەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییان بەسەر باشووری کوردستاندا بوو، چونکە بە هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە، کۆمۆنیستەکان هەلەکەیان قۆزتەوە وەک لایەنگری هەژاران و خەڵکی کەم دەرامەت، هێرشیان کردە سەر ئەوانەی یاری بە چارەنووس و بژێوی ژیانییان دەکەن[2].

لەلایەکی دیکەوە کورد هیچ ئومیدێکی بە دەسەڵات و بەڵێنەکانی بەریتانیا نەما بوو. ئیتر ئەمەش بووە خاڵیکی وەچەرخان لە پەرەسەندنی رەوتی کۆمۆنیزمی لە کوردستاندا بە گشتی و بە تایبەتی باشووری کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆیانەی ئاماژەی بۆ کرا، یەکەم شانەی ڕێکخستنی مارکسی لە باشووری کوردستان لە سالی ١٩٤٢ لە هەولێر لەسەر دەستی هەریەک لە سالح حەیدەری (١٩٢٢- ٢٠٠١)، رەشید عبدلقادر(١٩٢٣- ٢٠٠٥)، شوعلە مەخلەفەو، ئەواکیم ئەواکیمان دامەزرا، خەباتی ئەو گروپە لەو قۆناغەدا زیاتر خەباتێکی فکری و ڕۆشنبیری بووە، پشتی بەو کتیب و گۆڤار و بڵاوکراوانە بەستووە، کە لەلایەن پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانەوە دەرچوون بە شێوەیەکی نهێنی دەگەیشتنە کوردستان[3].

---

١ – کەمال پوولادی، میژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، وەگیران: ئازادی وەلەد بەگی، چاپخانە موکریان، هەولبر، ٢٠٠٥، ل ١٩٢.

٢ – ئەحمەد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

٣ – سالح حەیدەری: لە شاری هەولێر لە دایک بووە، لە سالی ١٩٣٩–١٩٤٠ خویندنی ئامادەیی گشتی تەواو کردووە، لە سالی ١٩٦١ زانکۆ تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٤٢ ڕیکخەری یەکەم شانەی مارکسی بووە، لە ساڵی ١٩٤٦ بۆتە بەرپرسی ڕیکخراوی کۆمەڵەی میللەت. لە ساڵی ١٩٤٤–١٩٤٦ بۆتە سکرتێری حزبی شۆڕش، ڕۆژنامەی شۆڕش و ڕزگاری دەرکردووە، هەروەها بەشدار دەبێت لە دەرچوونی ڕۆژنامەی ئازادی کوردستان، ١٩٥٦–١٩٥٧ ئەندامی یەدەگی لێژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی بووە، دوایی بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٠١\٨\١٦ لە هەولیر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری بروانە: عەباس نادر قادر، سەرچاوەی پیشوو، ل ٥٩؛ صالح الحیدری، مختارات من مذکرات صالح الحیدری، السلیمانة، ٢٠٠٤، ص ٢٣٣–٢٣٤.

بەلام دواتر چوارچێوەی کارەکەیان شێوازێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیەوە، کاتێک چوونە ناو کۆمەڵەی (الی الامام) و بوونەتە لقیکی ئەو کۆمەڵە بەناوی بۆ پێشەوە[1].

لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە پێی هێندێک بارودۆخی تایبەتی ڕۆژهەلاتی نێوەراست و هەلومەرجی ئەو دەمەی کوردستان بە تایبەتی کشانی لەشکری سۆڤیەتی بۆ سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ئابی ١٩٤١، دەستەی ڕۆشنبیری کورد، بیری مارکسیزمی ریفۆرمیستانەی کردە پێڕەوی سیاسی خۆی، کە ئەم بیرە لە نێوان ڕەش و ڕەوتی موسڵمانی کورد بەلشەفیک لە قەڵەم دەدرا، و بەلشەفیکیش لە نیو خەلکدا ئەو مانای کافرێتی دەگەیاند، تەنانەت لاوە خویندەوارەکانیش ئەم بابەتەیان بەلاوە نوێ بوو، چونکە زیاتر لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە لێیان دەروانی و وا باو بوو کە ئەم بیرە، بیرێکی بێ باوڕە، صالح حەیدەری کە خۆی هەولّی بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیستی لە باشوری کوردستاندا دەدا، لە سەرەتای چلەکاندا سەبارەت بەم بابەتە دەلیت: هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد، کاتێ بیروڕاکانی خۆمان بۆ باس دەکردن، بە کافر و مولحید ریزبەندیان دەکردین[2]. دوای هەلوەشاندنەوەی کۆمەلەی بۆ پێشەوە، کە حزبی شیوعی عێراق کە (فەهد) ڕابەرایەتی دەکرد، وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی دانی بەم ڕێکخراوە دانا، چونکە پێی وابووە کە ڕێکخستنەکەیان لە بنەماکانی مارکسیزم- لینینیزم لای داوە لەسەر بنەمایەکی دۆستایەتی-نەتەوەیی بنیات نراوە[3]. تا ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ کۆمەلەی میللەت (عصبە أو جمعیة الشعب) دادەمەزرینن[4].کۆمەلەی میللەت، وەک کۆمەلەیەکی چەپ و باوەری بە ڕێبازی مارکسی، لە هەولێر لە ماوەی چەند مانگێکدا چالاکییەکانی بەردەوام بووە، ئەو کۆمەڵەیە ئامانجی گرینگی دان بوو بە مەسەلەی کورد و هەستی نەتەوایەتی لە دژی ئیمپڕالیزم و دەرەبەگی و دژ ئەشکەنجەدانی نەتەوەیی بوون، بڵاوکراوەیەکی دەست نوسیان هەبووە بەناوی (دەنگی میللەت) پیش ئەوەی هەلبوەشێتەوە و ببیتە لقێک لە ڕیکخراوی (یەکیتی تیکۆشین) چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە. لە دواییدا کۆمەلەی میللەت چۆتە ناو بزوتنەوەی یەکیتی تێکۆشین، پاشان بەشە عەرەبییەکەی چۆتە ناو حزبی شیوعی عیراق و کوردییەکەشی (شۆڕش) یان پیکهیناوە کە صالح حەیدەری سکرتیری بووە، بەم شیوەیە بە پێی زانیارییەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەویت، کە کوردە چەپ ڕەوەکان بە درێژایی ساڵانی ١٩٣٤-١٩٤٤ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە حزبی شیوعی عیراق و سەرکردایەتی (فەهد)ەوە نەبووە، بەڵکو خاوەن بیر و

١ – کۆمەلەی بۆ پێشەوە (الی الامام) بە یەکەم کەرتبوونی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دادەنرێت، کە لەسەر دەستی (زەنوون ئەیوب) ئەندامی لیژنەی مەرکەزی لە تەمووز ١٩٤٢ بە بیانووی نەبوونی دیموکراسی و پەیرەوی ناوخۆی پارتەکە ئەنجام درا. کۆمەلەی بۆ پیشەوە (الی الامام) ڕۆژنامەیەکیان بە هەمان ناوەوە دەرکرد، دواتر بەناوی (المؤتمرون) ناویان دەهات، بۆ زانیاری زیاتر بروانە صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ العراق السياسي الحركات الماركسيه ١٩٢٠-١٩٩٠، الطبعە الاولی، بیروت، ٢٠٠١، ص٣٠.

٢ – سەروەر عبدولڕەحمان عومەر، حزبی شیوعی عیراق و مەسەلەی کورد، (١٩٣٤-١٩٧٥)، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی، ٢٠١٩، ل ٨٠ ؛ فاضل قەرەداغی، خەیالاتی مارکسیەت، سلیمانی ١٩٩٦، ل ٦١.

٣ – (فەهد): لە سالی ١٩٠١ لە ڕۆژهەلاتی موسل لە دایک بووە، لە کارگەی سەهۆلّی بچووک کاری کردووە کە بەریتانیەکان پییان فرۆشتووە، هەروەها لە سالی ١٩٣٤ چۆتە مۆسکۆ خوێندنی حزبی لە زانکۆی ڕەنجدەران ڕۆژهەلات بۆ ماوەی سێ ساڵ خوێندویەتی لە سالی ١٩٣٨ گەراوەتەوە عێراق، لە سالی ١٩٤٤ بوو بە سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عیراق، کەسایەتیەکی بەهیز و کاریگەر و بە توانای هەبووە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: عبدالرزاق مطلك الفهد، المصدر السابق، ص ٧٨.

٤ – أسماعيل شكر رسول، اربيل دراسة تاريخة فى دورها الفكرى والسياسى ١٩٣٩-١٩٥٨، السليمانة، ٢٠٠٥، ص ١٥٠.

باوەڕێکی چەپ ڕەوی نەتەوەیی سەربەخۆ بوون و هیچ ڕێکخراوێکی کوردی سەر بە حیزب لە ناوچەکانی کوردستاندا نابینرێ کە ڕۆڵی بەر چاوی هەبێ[1].

لقی کوردی یەکێتی تێکۆشین، زۆربەی ئەندامەکانی خەلکی هەولێر بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی چالاکیەکانی بەرچاو بوو دەبینن ڕێکخستنە گەیشتونەتە ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستانیش بەتایبەتی کۆیە و سلێمانی[2]. ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق (القاعدة) ململانێ کردووە و ناوتۆرەی لێناون و هەوڵیان داوە ئەندامان و هەوادارانی لێکبنەوە، بەڵام کاریگەری و چالاکییەکانی یەکێتی تێکۆشین لە باشووری کوردستان بەرچاو ترو زۆرتر بووە، هەروەها زۆربەی چەپەکانی پارتی (هیوا) دوای هەڵوەشاندنەوە، چوونە ڕیزەکانییەوە[3]. سەبارەت بە دەستەی سەرپەرشتیاری یەکێتی تێکۆشین، بریتی بوون لەو ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرانەی کە هەم باوەڕیان بە بیری کوردایەتی، هەمیش بە بیری مارکسی هەبووە، لێرەشدا سەربارى ئەوەی هاوکاریکردنی عەرەبیان بە پێویست دەزانی، بەڵام گرینگیان بە کێشەی کورد لە عێراق داوە، سەرباری ئەوەش لە نووسینەکانیدا گفتوگۆیان لە بارەی کێشەی کوردی کوردستان کردووە و خواستی یەکگرتنەوەی چوارپارچەی کوردستانیان هەبووە کە ئەمانە ئامانجی یەکێتی تێکۆشین بووە[4] .

دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاوبێت کە هەندێک ڕێکخراوی دیکە دروست بوون یان بەنیاز بوون دروست بکرێت، کە هەڵگری بیری کۆمۆسنیستی بوون، بەڵام مەبەست لە دروستکردنیان خزمەت کردن بووە بە کێشەی نەتەوایەتییەکەی کورد، بۆ نموونە لە ناوەڕاستی ١٩٤٤ دا لە شاری سلێمانی کۆمەڵەیەکی سەر بە سۆڤیەت بەناوی (کۆمەڵەی برای سۆڤێستان) دامەزراوە، کە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆبووە و هیچ پەیوەندییەکی بە حزبی شیوعی عێراقییەوە نەبووە، ئەمانە دەستەیەک لە کوردی دۆستی سۆڤیەت بوون، نەک مارکسیەت یان کۆمۆنیست[5].

## باسی یەکەم:یەکێتی تێکۆشین و شۆڕش:

ڕیکخراوی یەکیتی تێکۆشین (وحدة النضال) تیکەڵاوی ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بووە لە ساڵی ١٩٤٥، بەمەش دەبوو لقی کوردییەکە خۆی یەکلا بکاتەوە، بەڵام دەبینین کاتیک گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ فەهد، سکرتیری ئەو کاتەی پارتی کۆمۆنیست ئەنجامی نابیت، بابەتەکە لەسەر ئەوە بووە[6]. دەربارەی مەسەلەی مافی چارەنوسیش کە ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نیە، ئەنجامەکی بەزاندنی بیر و باوەری سۆڤیەتی کۆتایی هات، ئەو بیر و باوەڕە کۆنەی حیزبی شیوعی بەزی کە ئەیگوت، کورد نەتەوە نیە و مافی چارەنووسی پێڕەوا

١ – سەروەر عبدولرەحمان عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

٢ – جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨–١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسییە، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٢٦.

٣ – پارتی کۆمۆنیستی عێراق ئەلقاعیدە (القاعدة)، بەو گرووپە دەوترا کە فەهد سەرپەرشتی دەکردن، ئەوەش داوای ئەوە هات کە لێژنەی مەرکەزی بڕیاردا لە بری ڕۆژنامەی (الشرارة) کە پێشتر دەریان دوکرد، ڕۆژنامەیەک بە ناوی (القاعدة) دەربکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية فى العراقيه، الطبعه الاولى، بيروت، ١٩٩٣، ص ٢٦–٢٧ ؛ مير بصرى، اعلام السياسية فى العراق الحديث، الطبعه الثانية ، لندن، ٢٠٠٤، ص ٤٥٨–٤٥٩.

٤ – ئەحمەد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

٥ – جەمال نەبەز، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین ١٩٤٤–١٩٤٥ و ئیدۆلۆژ هوردە بۆرژوای مارکسی کورد، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨، ل٦٥–٦٦.

٦ – صالح الحيدرى المصدر السابق، ص ٣٠–٣١.

نابینرێ[1]. هەر بۆیە یەکیتی تیکۆشین لقە کوردییەکەی وەکو ڕێکخراوێکی سەربەخۆ دەمینێتەوە، دوای ماوەیەک بەردەوام بوون لە کارکردن پایزی ١٩٤٥ یەکیتی تێکۆشین بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی دیکەیدا بە ناوی (پارتی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق) بەڵام دواتر لەبەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە ناوی (شۆڕش)، زیاتر بەو ناوەوە دەناسرێت[2].

شۆڕش وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی ئەگەر سەیری پێڕەوی ناوخۆی بکەین، دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو پارتانەدا نییە کە هەڵگری بیری چەپ بوون، هەر ئەمەش وا دەکات چەپە کوردەکان بەم کارەیان توانیویانە تەکانێک بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە باشووری کوردستان بدەن، لەبەر ئەوەی توانیویانە ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەر نەتەوەپەروەرەکانی کورد لە ڕێکخستنێکی تایبەتیدا کۆبکەنەوە بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەو ئاراستەیەکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕی بەرن، کە بۆ ئەوکاتە ئەزموونێکی تازە بووە[3].

هەرچەندە شۆڕش لە هەوڵ و کۆششەکانی بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی چەپایەتی و بیری مارکسی لە کۆمەڵگای کوردەواری بە ئاسانی قبوڵ نەدەکرا، بۆیە نەیتوانیوە تاڕادەیەکی باش و بەرچاو گەشە بە ڕێکخستن و بەمەسەلەی ئایدیاکەی بدات، بەمەش سەرکردایەتی شۆڕش درکیان بەوە کردووە، بۆیە بیریان لە دامەزراندنی ڕیکخراوێکی فراوانتر کردۆتەوە، تا ئەوەی ڕۆڵی بەرەکی نیشتمانی ببینێت، کۆمەلە و گروپە پیشکەوتنخوازەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئیدی لە چوارچیوەی هەولەکانی شۆرش و بە دەنگەوهاتنی نیشتمان پەروەرانی کورد، لەگەل هاتنی دامەزراندنی حزبی شۆڕش لە سالی ١٩٤٥ وەکو پارتیکی چەپ لە گۆرەپانی کارکردن لە باشووری کوردستاندا مایەوە[4]. رۆژنامەیەکیان لە ژیر ناوی (شۆڕش) دەرچواند وەک زمانحالی حیزبەکەیە، سەبارەت بە ئامانج و پرۆگرامی حزبی شۆرش زۆر روون و ئاشکرا و گونجاو بووە لەگەڵ قازانجی گەلی کورد و رەنجدەرانی کوردستان، بەتایبەتی حزبی شۆرش دەیویست هیزی پیشکەوتنخوازەکانی کوردستان و عیراق دژی دوژمنی هاوبەش بۆ بەدیهینانی رژێمیکی دیموکراتی ئازاد یەکبگرن، ئامانجی سەرەکی حزبی شۆڕش لە روو نەتەوەییەوە پێکهینانی بەڕیوبەرایەتیەکی نامەرکەزی بوو لە کوردستانی عیراق[5].

چارەسەرکردنی کیشەکانی ئابووری، بەتایبەت دوای جیبەجێکردنی ڕیفۆرمە دیموکراتیەکان دەبێت بایەخ بە شتەکانی پیشەسازی و کشتوکال و پەروەردەیی بدرێت، دیارە چاکسازی کردنی بوارەکانی ئابووری نیشتمانی ئامانجیکی تری شۆرش بوو، لە پیناو بنیاتنانەوە و بوژانەوەی ئابووری کوردستان، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی کە یەکیک لە بابەتە هەرە گرینگەکانی کوردستان بوو کە بە چارەسەر نەکراوی مابوویەوە، لەگەل بنبڕکردنی هۆکارەکانی چەوسانەوە و دواکەوتوویی و بەشیکی ئامانجی

١ – سلاح ڕەشید، مام جەلال– دیداری... ، ل ٥٧.

٢ – فیصل دباغ، المصدر السابق، ص ٨٦.

٣ – صالح الحیدی، المصدر السابق، ص ١٨٠.

٤ – عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص ١١–١٣.

٥ – شۆرش: رۆژنامەی حزبی شیوعی لە کوردستان عیراق بوو، ژمارە (١) سالی ١٩٤٥ دەرچوو. بەهۆی ئەو چەند ژمارەیەوە کە لێی بڵاوکراوەتەوە دەنگ و سەدای باشی داوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بروانی غفوری میرزا کەریم، سەرچاوەی پیشوو، ل ٩٠ ؛ سەروەر عبدولرەحمان عومەر، سەرچاوەی پیشوو، ل ١٢٨.

سەرەکییەکانی بوو[1]. وەک دەبینریت لە ژێر کاریگەری هەوڵ و کۆششەی پارتی شۆڕش بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد پەیوەست بووە بە بیرۆکەی مارکسیی-لینینی.

## باسی دووەم: حیزبی شیوعی کوردستان

بە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، قۆناغیکە تازە لە عیراقدا هاتە کاییەوە، تا ئەندازەیەک ئەو فشار و راوەدوونانەی هەبوو کەم بووە و بواریک بۆ ئازادی ڕا دەربرین ڕەخسا، ڕێگەش بە هەندێ پارت و ریکخراو درا کاری سیاسی خۆیان بە ئاشکرا بکەن[2]. لەو کاتەدا حزبی شیوعی عیراق لە باشووری کوردستاندا دۆست و لایەنگری پەیدا کردبوو، لە رۆشنبیرکردنی جەماوەری خۆیدا گرنگی دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەبی دووپات کردەوە و لە کۆنفرانسەکەی سالی ١٩٤٤ یشدا بەناو لقیکی کوردی کردبۆوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی جەماوەری کورد لە دەوری حزبەکەی و چەند لیژنەیەکی سەرکردایەتی بۆ هەرێم و پارێزگان ناردبوو[3]. سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی شیوعی عیراق بریار دراوە کە حیزب لقی کوردی خۆی هەبێ، وە مادەی ٢٧ ی دا دەڵێ: (حیزبی شیوعی عیراقی ریگا دەدا بە کورد و ئەرمەن لقیکی تایبەت بە خۆیان هەبی بە مەرجی نابی دژی پەیرەو و پرۆگرامی حیزب بیت و بە گوێرەی ناوچەکانی خۆیان سیاسەتیکی گونجاو دابڕێژن هەر لقەی خاوەنی رۆژنامەی تایبەتی خۆی بێ) حیزب ڕۆژنامەیەکی سیاسی نهینی بە ناوی ((ئازادی)) وەک ئۆرگانی لقی کوردی دەرکرد لە ژمارەی یەکەمی سالی ١٩٤٤ داوای لە کوردەکان دەکرد بۆ خەبات لە پیناو حیزب و کۆمەلەکانی دیموکراتی بۆ ریکخستنی گەلی کورد و ئامادەکردنی هاندان بۆ هینانەدی مافی چارەنووس و یەکگرتنی لەگەڵ عەرەب لە عیراقدا یەکگرتنیکی ئارەزوومەندانە لەسەر بناغەی یەکسانی لە هەموو مافیکدا[4].

ئەو ریکخراوە لە یەکەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی عێراقدا لە ساڵی ١٩٤٥دا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی، بەناوی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق ڕاگەینراو مافی دانانی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی پێدراوە، پاشان بوو بە لقی کوردستان.

شایەنی باسە بزوتنەوەی کورد سەرەرای ئەو هەولانەی هەردوو حیزبەکە (شۆڕش و ڕزگاری) لە بواری خەباتی فکری و داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد ئەنجامیان داوە، بەلام ئەو دوو حزبە ئەو توخمە رۆشنبیری و چەکدارانەیان نەبووە کە لە ئاستی ئامانجە خەیالی و دوورەکان کە بۆی بەدی ناکریت و پیکهاتە چینایەتی و فکریەکانیان ناسک بووە، رەنگە ئەمە هۆکار بێت لە هەلوەشانەوەی ریکخراوەکەیان رایگەیەنن هەروەک شۆڕش هەڵوەشاوە لە سالی ١٩٤٦\٨\١١ و هەروەها حیزبی رزگاری لە ١٩٤٦\٨\١٨ هەڵوەشایەوە، هەموو ئەندامەکانی چوون بۆ ناو پارتی دیموکراتی کورد[5].

---

١ – مستەفا محمد کەریم، شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، هۆکار و دەرەنجامەکانی، چاپخانەی دانیشفەر، هەولیر، ٢٠٢٢، ل ١٣٥.

٢ – سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، سەرچاوەی پیشوو، ل ١٥٣ز

٣ – فاتح رەسول، میژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، ل ٢١٧.

٤ – ئازادی: رۆژنامەی ناوەندی حزبی شیوعی عیراق بوو بە زمانی کوردی، یەکەم ژمارەی سالی ١٩٤٥ دا دەرچوو، سەرەتا بە هەشت لاپەرە و هەندیک جاریش بە دوانزە لاپەرە دەردەچوو، تا ١ی ئایاری ١٩٥٩ ئازادی هەر بە نهینی دەردەچوو، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، سەرچاوەی پیشوو، ل ١٢٦ی؛ فەهد گردەوانی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٣.

٥ – اسماعیل شکر رسول، القضیة الکوردیة فی سیاسی الحکومات العراقیة ١٩٣٢-١٩٤٥، جامعة سانت کلمینتس، مکتب کوردستان، ٢٠٠٩، ص ١٦٢-١٦٣.

## ئەنجام

دوای خوێندنەوە و بەراوردکردنی سەرچاوە مێژووییەکان توێژینەوەکە گەیشت بە کۆمەڵێک ئەنجامگیری، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا بیانخەینە ڕوو:

١- زۆرینەی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە کە دروست دەبوو فکرەی ناسیۆنالیستیان هەیە، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە بەدینەهاتوەی کە سەربەخۆبوونی کوردستانی گەورە بووە.

٢- لە دروستبوونی بەشێک لە کۆمەڵە و پارت و ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەردەکرد وەک گۆڤاری کوردستان، ڕۆژنامەی ڕزگاری و شۆڕش و... هتد، کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە یان پارتەکە بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆگرام و چالاکییەکانیان بوو.

٣- ئەو کەسانەی کە ڕۆڵییان هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵە و پارت، کەسانی ڕۆشنبیر و ئەزموونی سیاسیان هەبووە، وەک (ڕەفیق حلمی، همزە عبداللە، سالح حەیدەری، ئیبراهیم ئەحمەد و...تاد).

٤- چوونی هێزی سۆڤیەت بۆ ڕۆژهەلات کاریگەری هەبووە لەسەر باشووری کوردستان، گەیاندنی بیری چەپ و کۆمۆنیزمی لەناو کۆمەڵگای کوردی کە بەبێ باوەڕ لە قەڵەم دەدا.

٥- تێکەڵکردنی بیری نەتەوایەتی حیزبە کوردییەکان، بە بابەتی چەپایەتی و سۆسیالیزمی و دیموکراسی.

٦- ئەوەی جێگای سەرنجە حیزبە نەتەوەییەکان داوای سەربەخۆبوونی کوردستانی گەورەیان دەکرد، هەروەها مافی چارەی خۆنوسین، حیزبە مارکسیەکان یاخوود کۆمۆنیزمەکان داوای مافی خەڵک و سەبەخۆبوونی کوردستانی گەورەیان دەکرد، واتا لێکچوونی زۆر خاڵ لەنێوان حیزبی نەتەوەیی و کۆمۆنیزمی هەیە، بەڵام لەچوارچێوەی حیزبێکی دیاریکراو.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێب:

### أ- بە زمانی کوردی


١. بارزان ئەحمەد کوردە، مۆدێلی حزبایەتی لە کوردستان، سلێمانی، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٩.

٢. حەمید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣. جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتیمان، بنکەی ئازادی، سوید، ١٩٨٥.

٤. حیکمەت محمد کەریم، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣.

٥. دڵشاد محموود عبدالرحمان، ئیسماعیل حەققی شاویس ١٨٩٤-١٩٨٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤.

٦. دلێر محمد شریف، حزبی مارکسیت چەپ، چاپخانەی ئازادی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٧. سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەریدا و دیدار، سەبارەت بە مێژووی چەپ وکۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستان، چاپخانەی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

٨. سدیق سالح – ڕەفیق سالح، لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، چاپخانەی بنکەی ژین، دهۆک، ٢٠٢١.

٩. سلاح ڕەشید، مام جەلال – دیداری تەمەن – لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٠. سەروەر عبدورەحمان عومەر، حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤-١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.

١١. سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٢. سەید موحەمەد سەلمەدی، ژێ کاف، مەهاباد، ١٣٦٠.

١٣. طاریق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٤. عبدالقادر دباغی، ژێ کاف چبوو؟ بێ شوێنی چاپ، ١٣٦١.

١٥. عزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، وەرگێرانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٦. علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق تا بەستنی گۆنگرەی سێیەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٦٨.

١٧. عەباس نادر قادر، کورتە لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ دامەزراندنی و خۆهەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە باشووری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢١.

١٨. عەبدللە ئەنوەر – عبدالله سمکۆ ئەنوەر، ڕۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

١٩. عوسمان رەسوڵ حەسەن، بەشێک لە ژیانی سەرکردە نەمرەکانی کوردستان، چاپخانەی سیما، سلێمان، ٢٠١٤.

٢٠. عوسمان سەنگەسەری، سەرکردە نەمرەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢١. غەفور میرزا کەریم، کێوماڵی بەنێو بیرەوەرییەکاندا، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٢. فاتح ڕەسوڵ، مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سوید، ستۆکهۆلم، ٢٠٠١.
٢٣. فاضل قەرەداغی، خەیاڵاتی مارکسیەت، چاپخانەی سلێمانی، ١٩٩٦.
٢٤. فەهد گردەوانی، ڕێکخراو کۆمەڵە پارتە لە کوردستانی عێراقدا، ستۆکهۆلم، ١٩٩٩.
٢٥. فەیسەڵ دەباغ، حیزبی هیوا و شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ بارزان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧.
٢٦. کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی ١٩-٢٥، وەرگێڕ: محمد، چاپخانەی کاروان، تاران، ١٩٧٩.
٢٧. کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و لیستی سەربەخۆی، وەرگێر: حەسەن وەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٨. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨.
٢٩. کەمال پولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، وەرگێر، ئازاد وەلید بەگ، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٥.
٣٠. محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.
٣١. محمد فاتح، ڕامان لە ئایدۆلۆژیەکان، چاپخانەی کۆمەڵەی ڕووناکبیر و کۆمەڵایەتی، کەرکوک، ٢٠٠٩.
٣٢. محمد مەلا قادر، خەباتنامە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
٣٣. مستەفا محمد کەریم، شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ هۆکار و دەرەنجامەکانی، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، ٢٠٢٢.
٣٤. مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢.
٣٥. معروف قەرەداغی، بارزانی و نهێنییەکانی، چاپخانەی مەعارف، بغداد، ١٩٥٩.
٣٦. مەهدی محمد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، چاپخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٧. میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێر: عبدولخالق عەلائەدین، چاپخانەی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٣٨. نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە ١٩٦٩-١٩٩٥، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٤.
٣٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کورد لە ١٨٩٨-١٩٥٨، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بیروت، لوبنان، ٢٠١٣.
٤٠. نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤١. وریا جاف، گشتی ڕۆژنامەگەری کوردی لەماوەی ١٢٣ ساڵدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.
٤٢. وەدیع جوەید، جوڵانەوەی نەتەوەی کورد، وەرگێر: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤٣. ئاوارە کەریم، کارەساتی پارتی، هەولێر، ٢٠٢١.

٤٤. ئەحمەد باوەڕ، چەندلاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، چاپخانەی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٤٥. ئەحمەد حەمەد ئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نموونە، چاپخانەی ڕژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦.
٤٦. ئەحمەد حەمەد ئەمین، پارتی دیموکراتی کورد-عێراق بەرەی پێشکەوتوو ١٩٥١-١٩٥٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٧.
٤٧. ئەحمەد حەمەد ئەمین، بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس، دهۆک، ٢٠٢٠.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

٤٨. اسماعيل شكر رسول، أربيل دراسة تاريخة في دورها الفكري و السياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، سليمانى، ٢٠٠٥.
٤٩. اسماعيل شكر رسول، القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢-١٩٤٥، جامعة سانت كليمنتس، مكتب كوردستان، ٢٠٠٩.
٥٠. جلال طالباني، الحركة القومية الكردية، الطبعة الاول، بغداد، ١٩٧٠.
٥١. جليلى جليل و أخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، المترجم: عبدى حاجى، الطبعة الثانية، مطبعة خانى، دهوک، ٢٠١٢.
٥٢. حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطى الكوردستانى العراق، بغداد، ١٩٥٢.
٥٣. شاخەوان عبدالله صابر، رەفيق حلمى دراسة تاريخيه في نشط السياسة و الثقافي، مؤسسة ژين، سليمانى، ٢٠٠٧.
٥٤. صالح الحيدرى، مختارات من مذكرات صالح الحيدرى، سليمانى، ٢٠١٤.
٥٥. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياى الحركات الماركسية ١٩٢٠-١٩٩٠، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١.
٥٦. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراقة، الطبعة الاولى، بيوت، ١٩٩٣.
٥٧. عبدالرزاق مطلك الفهد، الاحزاب السياسية في العراق و دورها في الحركة الوطنية و القومية ١٩٣٤-١٩٥٨، الطبعة الاولى، مؤسسة بيروت، لبنان، ٢٠١١.
٥٨. عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الكوردستانى، طبعة الثانى، مؤسسة بغداد، ١٩٧٨.
٥٩. عبدالسلام على، صفحات من نضال الشهيد صالح يوسفى، الطبعة الاول، دهوک، ١٩٩٢.
٦٠. عبدالفتاح على يحيى البوتانى، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، مطبعة موكريانى، ٢٠٠١.
٦١. على سنجارى، صفحات من نبع ذاكرتى في الحزب الديموقراطى الكردستاني، الطبعة الاولى، مؤسسة خانى، دهۆک، ٢٠١٥.
٦٢. فؤواد حسن الوكيل، جماعة الاهالى في العراق، بغداد، ١٩٨٦.
٦٣. لوقازودو، المسالة الكردية و القوميات الحنصرية في العراق، الطبعة الاول، بيروت، ١٩٦٩.
٦٤. محمد شيرزاد، نضال الاكراد، القاهرة، ١٩٤٦.
٦٥. مير بصرى، اعلام السياسية في العراق الحديث، الطبعة الثاني، لندن، ٢٠٠٤.

**ج- به زمانی فارسی**

٦٦. مجتبی برزوی، اوضاع سیاسی کردستان ازسال ۱۳۲٥-۱۳٥۸ هـ.ش، چاپ اول، نشر فکرنو، تهران، ۱۳۷۸.

**دووەم: نامەی زانکۆیی:**

**أ- بە زمانی کوردی**

٦٧. سەیران صالح اسماعیل، ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هۆزی جاف لە باشووری کوردستان ۱۹۱۸-۱۹٤٥، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، بڵاونەکراوە، ۲۰۱٦.

٦٨. عەبدولخالید سابیر کەریم، بیری نەتەوەی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە و جەمعیەتی حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ۱۹۱۹-۱۹٥٤، کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ۲۰۰۸.

**سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامە:**

**أ- بە زمانی کوردی**

٦٩. بژار عثمان جمیل، گۆڤاری مێژوو، ژمارە٢٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ۲۰۱۳.

۷۰. جەمال نەبەز، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین ۱۹٤٤-۱۹٤٥ و ئیدۆلۆژ هوردە بۆرژاوی مارکسی کورد، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانستی و هونەر، ستۆکهۆڵم، ۱۹۸۸.

۷۱. ڕەفیق سالح، ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی دووەم، ژمارە ۸۲-۲٥۹، سلێمانی، ۲۰۰۳.

۷۲. ڕەفیق سالح – سدیق سالح، ڕۆژنامەی ژین، چوارم بەرگ، بەشی یەکەم، ینکەی ژین، سلێمانی، ۲۰۰٥.

۷۳. ئازاد محمود، لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ی ڕووسیادا، ساڵی یەکەم، ژمارەی ژ، ۱۹۹۲.

**ب- بە زمانی عەرەبی**

۷٤. صباح کنجی، بدایات الفکر مارکسی بین الایزیدیة في العراق، مجلة الثقافة الجدیدة، العدد ۳٥۰-۳٥۱، بغداد، ۱مایس، ۲۰۱۲.

۷٥. کافی سلمان مراد الجاردی، الجمیعات الاحزاب الکوردیة في العراق ۱۹۲۱-۱۹٤۸، مجلة الاستاذ، المجلد الثاني، العدد ۲۲۱، ۲۰۱۷.

**چوارەم: لێکۆڵینەوە:-**


۷٦. ڕەحمان نەقشی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ.ک، بێ شوێنی چاپ، ۲۰۱۱.

۷۷. ڕەفیق سالح، یادگاری لاوان – دیاری لاوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ۲۰۰٥.

## پاشکۆ

### پاشکۆی ژماره (١)

گۆڤاری ڕزگاری




ئەو گۆڤارە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا لە بەغدا بڵاویکردەوە

خاوەن ئیمتیاز: صالح حەیدەری

سەرۆکی مەسئولی نووسین: پارێزەر فوئاد جەواد

هەڵسوڕێنەر: جەلال تاڵەبانی

ژمارە (١) لە ١٩٥٩/٢/١٠

ژمارە (٨)لە ساڵی ١٩٦١ دەرچووە.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

ڕۆژنامەی ئازادی


ئازادی

رۆژنامەیێکی رۆژانەی سیاسی یە

ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەیەکی سیاسیە حزبی شیوعی عێراق لە کەرکوک بڵاوی دەکردەوە.


خاوەن ئیمتیاز و لێپسراوی: پارێزەر نافیع یونس

ژمارە (١) لە ١٩٥٩/٥/١

وە ژمارە (٥٦)ی لە ١٩٦٠/١/٢٨ دەرچووە.

## پاشکۆی ژمارە (٣)

ڕۆژنامەی ڕزگاری


رزگاری

في سبيل تحرير كردستان (٢)

القضية الكردية

والاحزاب العراقية

بەغدا، پارتی دیموکراتی کورد – عێراق، ئەو ماوەیە مامۆستا هەمزە عبداللە سکرتێری پارتی بووە.

(ڕزگاری)بەپێی ئەو ژمارانەی وا بینراون، لەم خولەدا هەر یەکەم ژمارەی بە کوردی و ئەوانی دیکەی بە عەرەبی دەرچوون، پارتی دیموکراتی کورد، کۆنگرەی (٣) لە کەرکوک لە ١٩٥٣/١/٢٦، هەر ژمارەیەکی بە کوردی و بە عەرەبی دەرچوو، پاشان کوردییەکەی بوو بە ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (١)ی لە ١٩٤٦/٨/١٦ دەرچوو